

**بنیامین فرانکلین لە ١٣٧٤ دەستووری ڕێکخراوەکەی نوسیەوە**

ماسۆنیەتی چاپکردەووە، دوای ئەوەی بە سەرۆکی لقی بنسلڤنیا هەڵبژێردراو فرانکلین نوێنەرایەتی ڕەوتێکی نوێی لە ماسۆنیەکان دەکرد، ئەو ڕەوتەی کۆمەڵێك ڕێورەسمی تازەی بە ئەندامبوون‌و بۆ ئەو بزووتنەوەیە هێنایە کایەوەو جگە لە هەردوو پلەی (شاگردو ئەهلی کار) پلەی سێهەمیشی داهێنا کە، (پسپۆر)بوو. ئەوەی جێگای باسە.. ئەو دەستوورەی ئەندرسۆن دوای ئەو فرانکلین نوسیانەوە، پێکهاتبوو لە چل لاپەڕە لە مێژووی ماسۆنیەت، هەر لە سەردەمی ( ئادەم، نوح، ئیبراهیم، موسا، سلێمان، نەبو خوزنەسر، یۆلیۆس سیزار تا پادشاجیمسی یەکەم لە ئینگلتەرا)و، لەو دەستووە بە دوورو درێژی باسی لە حەوت سەرسوڕهێنەرەکانی جیهان کردوە وەکو دەستکەوتی ئەندازیاری. هەر لەو دەستوورەدا چەندین ڕێنمایی بۆ ئەندامان‌و پێنج گۆرانی تێداهەیە کە ئەندامان دەیڵێنەوە لە کۆبوونەوەکانیان. دەستوورەکە ئاماژە بەوە دەکات کە ماسۆنیەت. بە شێوازێکی رۆژئاوایی هاوچەرخ درێژکراوەی سەردەمی رابردووە لە کتێبی پیرۆزو ئەو جولەکانەش کە میسریان جێهێشت لەگەڵ موساو یەکەمین مەملەکەتی ماسۆنیەکانیان دامەزراندو موسا گەورەترین پسپۆری ماسۆنی بووە.

ئەندامێتی: وەرچەرخانی گەورە لە مێژووی ئەو بزووتنەوەیە لەساڵی ١٨٧٧رویدا، کاتێ لقی فەرەنسا ئەندامێتی بێ دینەکان‌و ئافرەتانی بۆ ریزەکانی قبوڵکردو ئەمەش بووە هۆی لێکدابڕانی نێوان هەردوو لقی فەرەنساو بەریتانیا. سەرچاوەی ئەو ناکۆکیەش بەندێکی دەستووری بوو کە دەڵێت" ناکرێ ماسۆنیەك بێ دین‌و ئەحمەق بێت"، لە ساڵی ١٨٦٥لقی بەریتانیا دەقێکی زیادکرد کە ڕێگە بە ئەندام دەدات بتوانێت هەر دینێك هەڵبژێرێت کە خۆی بەباشی دەزانێ‌و تیایدا خولقێنەری کەونی مەزن ناوی هاتبێت‌و دوای سی‌و چوار ساڵ لقی فەرەنساش هەمان گۆڕانکاری دەستووری کردوو لە ساڵی ١٨٧٧گۆڕانکاری ریشەیی لە بارەی هەندێك ڕێورەسمی بوون بە ئەندام لە دەستوردا کرا بۆ ئەوەی ئاماژە بە هیچ ئاینێکی دیاریکراو نەکرێ‌و ئەندام ئازادبێ لە هەڵبژاردنی هەر ئاینێك کە بیەوێ.

**مەرجەکانی ئەندام بوون لەو ڕێکخراوە:** پیاو دەبێت ئیرادەی ئازاد بێت. بڕوای بە خولقێنەری گەورەی هەبێت بێ گوێدانە ئاینەکەی هەرچەندە هەندێك لقی وەکو(سوید)تەنیا ئەوکەسانە وەردەگرێت کە بڕوایان بە ئاینی کریستیانی هەیە. هەژدە ساڵی تەواوکردبێت. دەبێ لە رووی جەستەیی‌و عەقڵ‌و ئەخلاقەوە تەواودەبێت. نابێ عەبد (کۆیلە)بێت. دەبێ دوو ماسۆنی تەزکیەی بکەن.

پلەکانی ماسۆنیەت: لە ماسۆنیەتدا سێ پلە هەیە ئەوانیش بریتین لە:

-پلەی تازەکار (شاگرد)بەپێی بنەماگشتیەکانی ماسۆنیەت لەسەر ئەو کەسە پێویستە کە سەرەتایەتی بۆ ناو ئەو ڕێکخراوە سوێندی ئەندامێتی بخوات‌و ئەو جل‌و بەرگە تایبەتیە لەبەر بکات کە بارەگای گشتی بۆ ئەو بۆنەیە پێیدەدەن، بەڵام ڕێورەسمەکەی کە هەندێك بە ترسناك باسی دەکەن، تەنها ئەو سیمبۆلانەن کە یەکەمجار ماسۆنیەکان بەکاریان هێناوەو ئەوکات مرۆڤ پێیوابووە گیانی مرۆڤ لە ئاسمانەکانی گەردوون دێنە خوارەوە بەر لە جێگیربوونی لە جەستەی مرۆڤداو لەکاتی لە دایکبوونی‌و بەپێی بیروباوەڕی کۆن گیان(روح)هەڵگری ئەو خەسڵەتە ئاسمانیانەی وەرگرتوون کە پێیاندا تێپەڕیوە. ماسۆنیەکان لەو ڕێورەسمەدا چاوی کەسەکان دەبەستن‌و دەڵێن ئەوەش هێمایە بۆ ئەو نەزانی‌و تاریکیەی کەسەکە بەر لەوەی خۆی بدۆزێتەوەو ببێتە ماسۆنی‌و تێیدا ژیاوەو دوای سوێندخواردنی پەرۆی سەرچاوی لادەبەن. سەبارەت بەو پەتەش کە لە ڕێورەسمەکەدا بەکاری دەهێنن ماسۆنیەکان دەڵێن" ئەوە ڕەمزە بۆ پەتی(ناوك)ی مرۆڤ کە لەدوای لەدایك بوونی دەبڕدرێت‌و لەدوای ئەوە مرۆڤ درێژە بەژیانی ئاسایی‌و پڕ لە خۆشەویستی‌و هەست‌و سۆزدەدات". دواتر پرۆسەی سوڕانەوە بەدوای پەیکەردا بە ئاراستەی چرکەژمێری کاتژمێر دەستی پێدەکات کە ماسۆنیەکان پێیانوایە ئەوە هێمایە بۆ جوڵانەوەی خۆرو لەکاتی سوڕانەوەدا مرۆڤ یاخود(تازەکار)لە سیستەمی گەردوون تێدەگات‌و لە کۆتاییدا تازەکار دەبێت کڕنوش بۆ پەیکەر بەرێت کە بەپێی لێکدانەوەی ماسۆنی، ئەو پەیکەرە هێمایە بۆ خاڵی بۆ بەیەك گەیشتنی تاك لەگەڵ خولقێنەر، جا ئەو کەسە لەسەر هەر ئاینێك بێت‌و پەیکەرەکەش دەکەوێتە ناوەڕاستی بارەگا. دەسەڵاتەکانی تازەکار دیاریکراون‌و بۆی نییە دەنگ بدات بۆ وەرگرتنی ئەندامی تازەو ڕێکخستنی کاروباری خێرخوازی، بەڵام دەتوانێت ئامادەی کۆبوونەوەکان‌و ڕێورەسمی بەخاکسپاردنی مردنی ئەندامێکی ماسۆنی بێت.

پلەی ئەهلی کار(ئەرباب، وەستا): بەپێی لێکدانەوەی ماسۆنیەکان ئەو پلەیە قۆناغی پێگەیشتن‌و بەرپرسیارێتی مرۆڤە لە ژیانی سەرزەوی‌و پێویستە لەسەر ئەندام" خەسڵەتە باشە"کانی، بونیات بنێت‌و هاوکاربێت لە باشکردنی بارودۆخی ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژی. لەو ڕێورەسمەدا ئەو کەل‌و پەلانەی بۆ پێوانەکردن بەکاردەهێنرێت کە کاتی خۆی وەستاکان یاخود(بیناکارە)کارەکان بەکاریان دەهێناو پێویستە ئەندام بەسەر پەیژەیەکدا سەربکەوێت کە دەگاتە ناوەڕاستی پەیکەرەکە وەکو هێمایەك بۆ سەرکەوتنی‌و بالاکردنی تێگەیشتنی ئەندامەکە لە ماسۆنیەتدا. لەو قۆناغەدا ئەندام بە چەمك‌و ماناو هێماکانی ماسۆنیەت بە وردی ئاشنادەبێت. لە گرنگترین ئەو ئامێرانەی لەو ڕێورەسمەدا بەکاری دێنێ (سێگۆشە) کە بەپێی گوتەی ماسۆنیەکان هێمایە بۆ بنیاتنانی پتەوی دیوار لە



**پەیکەری ڕێکخستنی ڕێکخراوەکە**



**ئارمی ماسۆنیەکان**

بنەمایەکی بەهێز.
پلەی پسپۆر: ئەمەیان بەرزترین پلەیە هەندێك بارەگا هەن تەنها ئەندامێتی ئەو کەسانەیان قبوڵە کە بەو پلەگەیشتوون. لەو قۆناغەدا بە گوێرەی تێگەیشتنی ماسۆنیەکان ئەندام دەگاتە حاڵەتی هاوسەنگی لە نێوان (ئەو کاریگەریە ناوخۆییانەی مرۆڤ دەجوڵێن) و ئەو لایەنە گیانیەی (روح)یەی بە خولقێنەری گەورە (خوداوەنی گەورە)ی دەبەستێتەوە. لەو ئامێرانەی لەو رێورەسمەدا بەکاریدەهێنێت(ماڵنج) کە هێمایە بۆ بەیەکەوە بەستنی هەموو چەمکەکانی ماسۆنیەت و بڵاوکردنەوەی خۆشەویستی و برایەتی..
بە بۆچوونی ماسۆنیەکان رێورەسمی ئەو پلەیە ئاماژەکردنە بە پلەی وەستای بیناکەر (حیرام ئەبین) کە یەکێك بووە لەو وەستایانەی پەرستگای قودسی لەسەردەمی (سلێمان پێغەمبەر) دروستکردووە. هەروەها لە هەمان کاتیشدا دروشمی شێر بەکار دەهێنن کە هێمایە بۆ هۆزە کاتێ بەنی ئیسرائیلی کۆن لە بەرپرسیاریەتیەکانی پسپۆڕ پێشنیارکردنی وەرگرتنی ئەندامی نوێ و هەڵسان بەکاری خێرخوازی و گەڕان بەدوای باکگراوندی ئەو کەسانەی داوای ئەندامێتی دەکەن لەگەڵ چەند بەپرسیاریەتیەکی دارایی.
پەیکەری ڕێکخستن: بنکەو بارەگاو دەستەی کارگێڕی و ڕێکخراوەیی ماسۆنیەت لە زۆربەی وڵاتەکانی جیهان بونیان هەیە، هەرچەندە تا ئێستا نەزانراوە کە ئایا بنکەیەکی سەرەکی یاخود بارەگای گشتیان هەیە یاخود نا؟، هەرچەندە هەندێك پێیانوایە لە زۆربەی ئەو لقانە لە ژێر سەرپەرشتی (بارەگای گەورەن)کە ساڵی ١٧١٧لە بەریتانیا دروست کراوەو بە سەرۆکەکەشی دەگوترێت (پسپۆڕی گەورە)و ئەو بارەگایە زۆرتر بە حکومەتێکی مەدەنی دەچێت. هەرچەندە ماسۆنیەکان حەزناکەن ناوی (بارەگا) لە شوێنەکانیان بنرێت و پێیانباشە بڵێن(پەرستگای فەلسەفەو هونەر).
بیروباوەڕ: ماسۆنیەکان ڕێکخراوەکەی خۆیان بە کۆمەڵێك لە بڕوا مۆڕاڵی(ئەخلاقیەکان)وەکو خۆشەویستی برایانەو راستی و ئازادی و یەکسانی پێناسە دەکەن و بە گوتەی ماسۆنیەکان ئەو بنەمایانە بە گوێرەی ڕێورەسم پیادە دەکرێن. پلە وەرگرتن و هەڵکشان لە تازەکاری پسپۆری بە گوێرەی توانای ئەندام لە دەرککردنی خۆی و جیهانی دەوروبەری و پەیوەندی لەگەڵ (پەروەردگاری مەزن) کە باوەڕی پێیەتی دەبێت.. جۆرێك لە نارۆشنی و لێڵی بە هێماو ڕێورەسمیەکانی ماسۆنیەتەوە دیارە، لەو ساڵانەی دواییدا چەندین هۆکانی راگەیاندن و رۆژنامەوانی بانگهێشتی ئەو ڕێورەسمانە کراون، بەڵام هەرگیز ڕێگایان نەداوە کە وێنەی بگیرێت و تۆمارو بڵاوبکرێتەوە. هەرچەندە لەم چەند ساڵەی دواییدا کەناڵی ئاسمانی (جەزیرە) چەند دیمەنێکی نواندنی هاوشێوەی ڕێورەسمەکانی ئەوانی بڵاوکردەوە، کە تیایدا ئەو کەسەی بە ( سەرۆکی گەورە)ی ناساند داوای لە یەکێك لە ئەندامە تازەکان دەکرد کە لەسەر هەردوو ئەژنۆی کڕنوش بەرێت و لەدوای ئەو ئەم رستەیە بڵێتەوە" ئەی ئەو خودایەی بەسەر هەمووشتێکدا توانات هەیە، نیعمەتی خۆت ببەخشە، بەو بەندەیەی خۆت، ئەو بەڕێزە، بەو داواکارە لوتفی ئەندامێتی بۆ هۆزی بیناکارە ئازادەکان ببەخشە، تا ژیانی خۆی لەپێناو سەرپەرشتی تۆدا ببەخشێ و برایەکی دڵسۆزو راستەقینەی ئێمەبێت. ئامین)و بەگوێرەی ئەو دیمەنانەی کەناڵی (جەزیرە)دوای ئەوە چەند پەیمان و بەڵێنێك لە کەسەکە وەردەگیرێ وەکو( ئامادەبوونی کۆبوونەوەکان، پاراستنی نهێنی) سەرۆکی مەزن فەرمانی پێدەدات " قاچی چەپت بنوشتێنەوە، لەسەر قاچی راست کڕنووش بەرە، دەستی راستم بدەیە، بە دەستی چەپت ئەو فرگاڵە بگرەو نووکەکەی بخەسەر مەمکی چەپت و لەدوای من بڵێ: ئەی خودای گەورە، پشتیوانم بەو هاوکارم بە لە پابەندبوون بەو سوێندە گەورە" لە کۆتاییدا دەبێت کتێبە ئاسمانیەکە ماچ بکات و دواتر سەرۆکی گەورە هەرەشە لە ئەندامەکانی دەکات کە وا تووشی (خنکاندن یا سەربڕین). دەبێت ئەگەر بیەوێت لە ریزەکانی ئەو ڕێکخراوە وازبێنێت.
ماسۆنیەت و ئافرەت: بەشێوەیەکی گشتی ماسۆنیەت ڕێکخراوێکی برایانەیەو ڕێگەی بە ئافرەتان نەداوە بێنە ریزەکانیانەوە لە چەند حاڵەتێکی دەگمەن نەبێت، بۆ نموونە ئەندامێتی خاتوو(ئەلیزابیس ئۆلدۆرس ١٦٣٩-١٧٧٣)، کە هەندێك سەرچاوە دەڵێن: ئەو ئافرەتە لە کونی دەرگاوە سەیری ڕێورەسمەکەیان دەکات و دوای ئاشکرابوونی لە پێناو پاراستنی نهێنیەکەیان بە ئەندام وەریدەگرن. ساڵی ١٨٨٢لقی فەرەنساو ساڵی ١٩٠٣ لقی وڵاتە یەگرتووەکان دەستیانکرد بە وەرگرتنی ئافرەتان لە ریزەکانیان و گومان هەیە ئێستا لە(٤٥٠) بارەگا ماڤ وەرگرتنی ئافرەتی لەو ڕێکخراوە دابێت.
زۆر لەوانەی دژی ماسۆنیەتن پێیانوایە ئەو ڕێکخراوە لە راستیدا بریتیە لە ڕێکخراوێکی سیاسی و ئابووری گەورەو ئامانجی سەرەکی دەستگرتنە بەسەر جیهاندا لە ڕێگای توندوتۆڵکردنی هۆکارەکانی راگەیاندن و ئابووری جیهان و خزاونەتە ناو ریزەکانی کڵێسای کاسۆلیکی و بە گوێرەی ئینسکلۆپیدیای کاسۆلیکی تازە هۆزەکانی وەکو (شهویوهود، مۆرمۆن و رەوتەکانی وەك کۆمۆنیزم، سۆسیالیزم و شۆڕشی فەرەنسی و بزووتنەوەی مستەفا کەمال ئەتاتورك)لقێکن لە ماسۆنیەت و هەر بەگوێرەی ئەو ئینسکلۆپیدیایە ئەو رەوتەی ئێستا داوای (هاوڕەگەز بازی)دەکات دروستکراوی ماسۆنیەتە. لە ساڵی ١٩٨٣ پاپا یوحەننا پۆلسی دووەم رایگەیاند کە"ناکرێ لەیەك کاتدا هەم کاسۆلیکی و هەم ماسۆنی بی". هەندێك پێیانوایە کە بەهێزترین دەوڵەتی جیهان (وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا)لەسەر چەمەکەکانی ماسۆنیەت بنیاتنراوە چوونکە (١٣)لەوانەی ئیمزایان لەسەر دەستووری ئەمریکا کردووەو (١٦)سەرۆك لەوانە (جۆرج واشنتۆن و بنیامین فرانکلین)ماسۆنی بوون. ساڵی ١٩٧٩، کۆمەڵەی دەوڵەتانی عەرەبی بڕیاری ژمارە ( ٢٣٠٩)ی دەرکرد کە تیایدا هاتووە" بزوتنەوەی ماسۆنیەت بە بزووتنەوەیەکی ماسۆنی دەژمێردرێت، چونکە بە هاندانی ئەوو کارکردنی بۆ پشتیوانیکردن لە کارە نەشیاوەکانی ئیسرائیل و ئامانجەکانی، هەروەها یارمەتی گەیشتنی پارە بەڕێژەیەکی زۆر دەدات، لە لایەن ئەندامەکانیەوە بۆ پشتیوانی ئابووری و پاڵپشتی جەنگی لە دژی وڵاتانی عەرەب". لە ٢٨ی نۆڤەمبەری ١٩٨٤ئەزهەر فەتوایەکی دەرکرد تیایدا هاتووە(ناکرێت موسڵمان ماسۆنی بێت چونکە پەیوەستبوونی بە ماسۆنیەتەوە داماڵینێکی هێواش هێواشە لە بەجێگەیاندنی ئەرکە دینیەکەی و دەبێتە هۆی هەڵگەڕانەوەی تەواوی لە ئایینی خودا).
سەرچاوە: چەند ماڵپەڕێکی ئینتەرنێت

# دەستەمۆکردنی ئافرەتان لە ڕێگەی مۆبایلەوە

ڕیپۆرتاژی:پەژارە مەمەند صالح

کاتژمێر ١٢ی نیوە شەو بوو، زەنگی مۆبایلەکەی (هێشوو) بێدەنگیو خامۆشی شەوی شکاند، هێشوو بێداربۆوەوە گووتی" فەرموو بەم نیوەشەوە چ کارێکت هەیە؟" بەڵام دەنگەکە وەڵامیدایەوە" بێ زەحمەت ئەوە تەلەفۆنی(...)نییە؟" هێشوو گوتی "نەخێر بێزەحمەت جارێکی دی تەلەفۆن مەکەوە"..بەڵام ئەو بێدەنگ نەدەبوو گوتی" ئەی بێزەحمەت مۆبایلی کێیە؟!" هێشوو تەواو بەمە توڕەدەبێتو لەسەری دادەخاتەوە، بەڵام بۆ نەگبەتی ئەو لەبەر قورسی پێڵوەکانی مۆبایلەکەی قفڵناکات.. پاش چەند دەقەیەك لەهەمان کاتدا، زەنگی مۆبایل باوكو براکانیشی بێداردەکاتەوە.. لێرەوە شەڕێکی گەورە لەو ماڵەدا بەرپا دەبێتو کێشەیەکی قوڵو پڕ لە گومانو ڕاڕایی ئابڵوقەی ماڵەکەیان دەداتو ئەوەی باجی سەرەکیش لەم کێشەیەدا دەدات هێشووە، کە پەنا دەباتە بەر خۆکوشتن، بەڵام وا دیارە ناوی لە لیستی کۆچکردووەکانی ئەم چرکەیەدا نەهاتبوو..!.

هەمووومان دەزانین مۆبایل ئامێرێکی نوێی سەردەمەو هەر لە دەستپێکی هاتنە ناوەوەی بۆ کۆمەڵگەی ئێمە، وەکو هەمان داهێنراوەکانی دی بەدەر نەبووە لە کێشەو قەیران دروستکردن بەتایبەت بۆ ئافرەتان، جگە لەوەش وەك ئامرازێك لە لایەن پیاوانەوە بەکاردەبرێ بۆ دەستەمۆکردنی ئافرەتان، ناشکرێ سەرجەم خراپەو تاوانەکان بخەینە پاڵ ئەو ئامێرە بچووکەی کە ناوی (مۆبایلە)، مۆبایل بۆ ئەم جۆرە کردەوە ناشیرینانە دروست نەکراوە، کە بەبڕوای من ئەو بارە کۆمەڵایەتیو کولتووریە سەدا سەد نەیتوانیوە پەیامی ئەو داهێنراوە زانستیە بگەیەنێت. خەسڵەتە ناشیرینەکانی بەکارهێنانی مۆبایل لەم بەدواداچوونەدا بەدەستمهێناوەو لە چەند خاڵێك کورتم کردۆتەوە بریتین لە:-

-نووکە کردن بۆ مۆبایلی ئافرەتان.

-خۆ چواندن بە کەسێکی نزیکی ئافرەتەکە تا بواری قسەکەردن زیاتر فەراهەم بێت.

-وێنەگرتنی ئافرەتان بە بێ ئاگایی ئافرەتەکەو دواتریش بڵاوکردنەوەی.

-لە پەیوەندیە خۆشەویستی نێوان دو کەس یاخود هاوڕێیەتی کوڕو کچ، تۆمارکردنی دەنگو دواتریش بڵاوکردنەوەی.

سەرەجەم ئەو بەڵگانەش وەك وەسیلەیەك بۆ دەستەمۆکردن یان سوکایەتیکردن بەو ئافرەتانە بەکار دەهێنرێت( ش) کچێکە کە ماوەی دووساڵ بوو مۆبایلی کڕیبوو چیرۆکێکی لە بارەی پەیوەندی کوڕانەوە هەیە کە بەم شێوەیە" دووساڵ دەبوو مۆبایلم هەبوو، سەرەتا ژمارەیەك زۆر پەیوەندی پێوە دەکردم تا خۆی پێناساندم هەر کۆڵی نەداو منیش بڕوام پێکرد ماوەی ساڵێك پەیوەندی خۆشەویستیمان هەبوو، دوای ئەوەی کە بۆم دەرکەوت کە ئەو لە ڕێگەی مۆبایلەوە چەند کچێکی وەك منی هەڵخەڵەتاندووە بەناخۆشی وازم لێهێنا، ئەو ناپیاوەش هەستابوو ژمارەی منی دابوو بە چەند کوڕێك لە برادەرەکانی وەك خۆی.. ئەوانیش بێتامیان کردبوو باوەڕ بکە ژمارەی من لای زۆربەی گەنجە سەرسەریەکانی شار هەبوو، تا ناچاریان کردم مۆبایلەکەم بفرۆشمەوە بەڵام دوای چی کە کار لەکار ترازابوو".

(ر)ش کە خوێندنی لێ قەدەغەکرابوو دەڵێ" من چوزانم مۆبایل دەنگ تۆمار دەکات، ئاخر من زۆر سادە بووم کوڕێك کە نەمدەناسی لە ڕێگەی مۆبایلەوە بوو بە هاوڕێم، تا کار گەیشت بەوەی یەکتریمان خۆش بوێ، بەڵام ئەوەی کە زۆر عاقڵێتیمکردوو زۆر باش بوو ناوی خۆم گۆڕیبوو، هەر ئەوەندەم زانی دەنگم کەوتە سەر مۆبایلی خەڵکی، سەرەتا ماڵەوەمان نەیانزانی بەڵام نازانم چ بەدفەڕێکبوو کە بە براکەمی گوتبوو ئەوە دەنگی(ر)ی خوشکتە ئەوەش ڕەفقەمەکەی، وەڵڵا ماڵەوەمان زانیبوویان ژیانم لێ شێوا بەڵام کوڕەکەش هەر دەیگوت بڵاوکردنەوەی بە دەستی خۆم نەبوو، لە بەرامبەری ئەوەدا باوکمو براکانم بڕیاریاندا بمدەنە کوڕی خزمێکی دووری خۆمان کە قەت دڵم بۆی نەدەچوو، زانیم زۆر بەجدیانە، پەنام بردە بەر خۆسوتاندن، بەڵام دایکم بەسەردا هاتو نەیهێشت بسووتێم".

خاتوونێکی دیکەش کە فەرمانبەرەو بە پێکەنینەوە باسی لە ڕووداوێك دەکرد گووتی" یەکێك فێر بووبو ماوەیەك هەر نووکەی دەنارد، منیش گوێم پێ نەدەدا، تا دواتر کردی بە جەڕەسی تەواو، جارێك ویستم وەڵامی بدەمەوەو پێی بڵێم ژمارەکەت دەدەمە سەنتەر، بەڵام ئەو زۆر پاڕایەوە تا من قسەی لەگەڵ بکەم.. بەڵام کاتێك گوێملێگرت قسەکانی ئەوندە تاسێنەربوونو دیار بوو بە قسەکانیدا شێتی من بووە، پێیدەگوت من بەراستی تۆم خۆش دەوێتو هەر دەتخوازم. بەڵام کاتێك ئەم مەسەلەیەم لای هاوڕێکانم باس دەکرد پێیان دەگوتم.. پێی بڵێ خۆت نیشان بدات، بەڵام کاتێ من داوام لێکرد، گوتی: هەرچی دەڵێ بەسەر چاو بەڵام بۆتۆ جوان نییە خەڵك لە گەڵ کوڕێکی نەناسراودا بتبینێ..!، دوای ئەوە ئیدی تەلەفۆنی نەکردەوە، بەڵام دواتر بەهۆی چەند هاوڕێیەکم خاوەنی تەلەفۆنەکەم دۆزیەوە، کە خاوەنی خێزانو ماڵو منداڵو تەنانەت دراوسێی خۆشمان بوو، بۆم ئاشکرا بوو کە پێش ئەوەی ئەو نوکەم بۆ بکات ڕۆژێك خێزانەکەی تەلەفۆنەکەی لێوەرگرتمو تەلەفۆنی بۆ مێردەکەی کرد، ئەویش لەو کاتەوە ژمارەی مۆبایلەکەمی لای خۆی هەڵگرتبوو".

چیرۆکێکی دیکەی واقیعی ئەویش کچێکە بەناوی(ل)، دەگێڕێتەوەو دەڵێ"کوڕە خاڵێکم تازە لە ئەوروپا گەڕابۆوە، ئەو نزیك بە پازدە ساڵ دەبوو لە ئەوروپا دەژیا، منیش تەمەنم (١٧)ساڵ بوو، من زۆر لە فرۆفێڵی کوڕان بێ ئاگا بووم، کوڕێك خۆی لێکردبووم بە کوڕە خاڵەکەمو منیش بڕوام پێکرد، چونکە دەنگی زۆر لە دەنگی کوڕی خاڵەکەم دەچوو، هەندێك نیشانەی دەگوت، لە باری هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی ماڵەوەمان وەکو ئەوەی کێ دێو کێ دەڕوات، بۆیە بەتەواوی باوەڕم پێی کردبوو. ڕۆژێك تەلەفۆنی کردوو براکەم ئاگای لێبوو گوتی« ئەوە کێیە؟» منیش گوتم(...)کوڕی خاڵمە، براکەشم گوتی ئێشم پێیەتی مۆبایلەکەم بدەیە، منیش چونکە گومانم نەبوو لەوەی کوڕی خاڵەکەمە بێترس مۆبایلەکەم دایە دەست، کاتێك مۆبایلەکەم دایە گوتی چۆنی(...)، ئەویش ڕاستەوخۆ تەلەفۆنەکەی داخستبۆوە، براکەم کاتێك سەیری ژمارەی ئەو کەسەی کرد، گوتی« خۆ ئەمە ژمارەی تەلەفۆنی ئەو نییە؟» من بۆم نەدەسلماند وامدەزانی گاڵتەم لەگەڵ دەکات، پێی گوتم دەتکوژم سەرمان شۆڕنەکەی، براکەم گومانی لەسەر من پەیداکردوو بە تەواوی هەڵوێستی لە بەرامبەر من گۆڕابوو، بەردەوام چاودێری دەکردم، مۆبایلەکەی منی لای خۆی دانابوو هەر کە جەڕەسی



## ئەو ئامێرەی لەجیاتی خۆشبەختی بۆتە مایەی بەدبەختی هەندێك كەس

مۆبایل دەهات، من رادەچەنیم‌و تووشی دڵە راوكێ دەبووم، دوای چەند هەفتەیەك روون بۆوە، ئەوەی تەلەفۆنی دەكرد دراوسێی ماڵی خاڵم بوو ..!".

لە میانەی ئەو گەڕان‌و بە دواداچوونەمدا توشم بووبە ژنێكی تەمەن (٥١)ساڵ بەناوی(ك)، ئەو لەسەر ئەو دیاردەی تەلەفۆنكردنە بۆ ئافرەتان بۆی گێڕامەوەو گووتی"ماوەیەك بوو جەڕەسی زۆر بۆ مۆبایلی ماڵەوەمان دەكرا، گەر ئافرەت هەڵیگرتبایە ئیتر دەستی دەكرد بە قسەی ناشیرین‌و بێ ئەدەبانە، بەڵام گەر پیاوێك جوابی دابایەوە قسەی نەدەكرد. ناچار گوتیان وەرە تۆ قسەی لەگەڵ بكە، منیش پێمگوت، كاكە گەر منت دەوێ كچەكەمت دەوێ نەوەكەمت دەوێ بۆچی بەرێك‌و پێكی نایەیتە داخوازی، ئەرێ توخوا تۆ داناوەشێی‌و دانارزێی.. هیچ قسەی نەكردو دایخستەوە دیاربوو زۆر تەریق بووبۆوە لەو كاتەوە تا ئێستا تەلەفۆنی نەكردۆتەوە". خاتوو (ز)ش لەم بارەیەوە باسی چیرۆكی خۆی بۆ گێڕاینەوەو گووتی" من لە لادێوە دێم بۆ خوێندن بۆ ئەمەش زۆر پێویستم بە مۆبایلە، مۆبایلیشم كڕی بەڵام باوكم لێی سەندم، ناحەقیشی ناگرم لەو ماوەیەدا ئەویش بیستبووی كە لەسەر ئەوە چەند ژنێك تەڵاق دران، چەند وێنەیەك هەیە لەسەر مۆبایل كە وێنەی دوو ژنە لەسەر ئەوە تەڵاقدران، بەخوا خۆیشم مۆبایلم لەبەرچاو كەوتووە".

(پ) كە ژنە دەڵێ" ژمارەیەك بێتامی كردبوو ئەوەندەی نوكە بكات، زۆر لەوە دەترسام چونكە باوەڕم وابوو كە كەس ژمارەكەی من نازانێ جگە لە هاوسەرەكەم، كە شەوان درەنگ دادەهات ئەویش دەستی دەكرد بە نوكە كردن، لەبەر هاوسەرەكەم زۆرم پێناخۆش بوو كاتێك تەلەفۆنمان بۆ دەكردەوە ئەویش مەشغوڵی دەكردەوە، منیش ناچار وازم لە مۆبایل هێنا چونكە شت یەكجار روودەدات".

پارێزەر ﴿عەبدوڵڵا محەمەد ئەمین﴾ لەم بارەیەوە دەڵێ" دوو سەرنج هەیە سەبارەت بە مۆبایل لە كۆمەڵگەی خۆمان، یەكەم: كۆمەڵگاكەمان تەقەبولی زۆر شت ناكات، كە ئەگەر لەناو خۆیدا باو نەبێ، زۆر ئاساییە نوكەیەك یان جەرەسێك بۆ مۆبایلی ئافرەتێك بێت، پێویست ناكات راستەوخۆ كەس‌و كاری وەك باوك، برا...تاد، گومان بخەنە سەر ئافرەتەكە، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ بیرتەسكی‌و كورتبینی پیاوان یان عەقڵیەتی كۆمەڵگە كە بەكارهێنانی مۆبایلی بە خراپ ناوبردووە. دووەم: كێشەی سەرەكیمان ئەوەیە كە مۆبایل داهێنراوێكی تەكنەلۆژیایە تەكنیكەكەی بۆمان هاتووە بەڵام لۆژیكەكەی بۆمان نەهاتووە، واتە عەقڵی بەكارهێنانیمان پێ نەگەیشتووە".كورێكیش لەم بارەیەوە گوتی" ئەمە لای كوران زۆر ئاسانە، سەرەتا تەلەفۆن دەكات، ئەگەر كوڕ بوو دەڵێ كاكە بمانبوورە ژمارەكەمان بە هەڵە لێداوە، بەڵام ئەگەر ئافرەت دەرچوو دەست دەكەن بە قسەكردن، ئەو ژنەشی درێژەی بە قسەكردن دا لەگەڵی ئەوە ژیان‌و چارەنووسی رەش دەبێت‌و ژمارەی دەچێتە دەستی كوران‌و دەستەو دەست دەكات... سەبارەت بە پەیوەندی خۆشەویستی لە رێگەی مۆبایلەوە دەڵێ" هەمووی فشەیە، دەربرینی خۆشەویستی كوران بۆ كچان لە رێگەی مۆبایلەوە تەنها قسەیەو هیچ، هاوڕێیەكم لەگەڵ سێ كچ پەیوەندی هەبوو كە قسەی لەگەڵ دەكردن دەنگی دەخستنە سەر ئایفۆن، باوەڕت هەبێ هەرسێ كچە ئەوەندە بەجدی گرتبوویان، گەر وازی لێهێنابان خۆیان دەسووتاند، منیش ناحەقیان ناگرم ئەو هاوڕێیەم ماستاوی وای بۆ دەكردن ماری لە كون دەردەهێنا". سەبارەت بەوەی بۆچی كوران دەنگی كچان تۆمار دەكەن دەڵێ" بۆ ئەوەی كچان خۆیان گران نەكەن‌و بە قسەیان بكەن، بۆ ئەوەی هەركاتێ سەرپێچیان كردو داواكاریەكانیان بۆ بەجێ نەهێنان، ئەگەر وێنەی هەبوو وێنە ئەگەرنا هەڕەشەی بڵاوكردنەوەی دەنگەكەی لێ دەكەن.. زۆربەی شەوان بەتایبەت كە كارەبا نابێت بە كۆڵانەكاندا بڕۆ هەمووی لە كۆڵان‌و شۆستەكان خەریكی تەلەفۆنكردنن، هەر شەوەو ژمارەی تازەیان دەست دەكەوێت هۆكارەكەشی تەنها بێ كاری‌و خۆ خەریككردن‌و رابواردنە".وەكو(د) دەڵێ من گلەییم هەیە لە كچان كە بۆچی ئەوەندە زوو هەڵدەخەڵەتێن، كاتێك كوران دەیانەوێت كچان رازی بكەن دەڵێن من ئیشێكی وا بەرزدەكەم یان زۆر دەوڵەمەندم‌و...تاد، بەوەش كچەكە لە خشتە دەبەن.. توخوا پێم بڵێ كچ پارە پەرست نییە؟!. سەبارەت بە رووداوێكی مۆبایل هەمان كەس گوتی" كچێكی گەڕەكی ئێمە كە زۆر جوانە، ژمارەكەی دەست یەكێك لە كورانی گەڕەك كەوتبوو ئەویش تەلەفۆنی بۆ دەكات‌و دەڵێ﴿ من چاك تۆ دەناسم ماڵتان لە فلانە شوێنە﴾و كۆمەڵێك قسەی ناشیرینی دی. كچەكەش مۆبایلەكەی دەداتە براكەی‌و براكەی دەڵێ ئیشت بە خوشكی من چییە؟.. كوڕەكەش دەست دەكات بەجوێن دان‌و دەڵێ" گەر پیاوی دێی بۆ فلانە شوێن، بەڵام شوێنێكی بە هەڵە بە براكەی دەڵێ، كاتێ براكەی دەچێت بۆ ئەوشوێنە تەنها یەك كوڕی لێدەبێت بۆ سودفەش خەریكی مۆبایلە، برای كچەكەش زۆر تورەیەو وادەزانێ ئەو كوڕەیە لەوێ لێیان دەبێت بەشەڕ، ئەو كارەیان بەرامبەر ئەم خوشك‌و برایەكرد تەنها لەبەر ئەوەی حسابی بۆ كوڕی گەڕەك نەدەكرد". وەكو (ب) دەڵێ" كوران پەنجا ژمارە تاقی دەكەنەوە كچێك هەر دەردەچێ. ئەوەشی كە ئاشكرا نابێت هی ئەوەیە كە سیمكارت دەكڕن فۆڕمەكە پڕناكەنەوەو راستەوخۆ دەیكڕن، هەندێكجار لەوانەیە ئەوسیمە سەد دەستی كردبێ،ئەوانەی ئەم كارە دەكەن لەوەیە نزیكەی بیست سیمكارتیان بەردەوام هەبێت‌و هۆكاری ئەم كێشەیەش تەنها كوڕ لێی خەتابار نییە چەپڵە بەیەك دەست لێنادرێ، گەر كچیش پێی خۆش نەبێ كەس پێی رانابوێرێ".ئەمە كێشەی بەردەوامی مۆبایلە لە كوردستاندا كە رۆژانە چەندین گرفت‌و ئاژاوەی گەورە لەناو خێزانی كوردیدا دروست دەكات‌و تا ئێستاش چ حكومەت چ یاسا هیچ چارەسەرێكی پێویستی بۆ ئەو دیاردە قێزەونەدانەناوە كە هەمووان رۆژانە قوربانی دەرهاویشتە نێگەتیڤەكانی دەبینین‌و دەبیستین..!.



# جامەدانەی گەنجان لەنێوان جوانی وئینتیمادا

## کچێك: تەنها لەبەر جوانیە، ئەگەر لەبەر ئینتیما بوایە دەم کردە سەپۆش و دەمکردە سەرم

**ئاسۆ قادر . سلێمانی**

جامەدانە ئەو پارچە قوماشەی کە خۆی ئالاندۆتە سەری باوباپیرانمان هەمیشە وەك سمبولێکی کوردەواریانە تەماشا کراوە. لەم ڕێپۆرتاژەدا باس لەمێژوی جامەدانەو وردەکاریەکانی سەرهەڵدانی ناکەین، بەڵکو دەمانەوێ باس لەسەر ئەو مۆدێلە بکەین کە چەند مانگێکە لەنێو توێژی گەنجاندا دەبینرێ. پرسیارێك لێرەدا دروست دەبێت.

ئایا چ وای لە گەنجان کردووە کە جامەدانە لەملیان بئاڵێنن هۆکارەکە جوانیە یان ئینتیمای نەتەوەییە وای لە گەنجان کردووە کە وەك ئارایشتێك لێی بڕوانن.

"دێرین سلێمان " خوێندکاری زانکۆ بە پێکەنینەوە گووتی " تەنها لەبەرجوانیە ئەگەر لەبەر ئینتیما بوایە دەم کردە سەرپۆش و دەمکردە سەرم، تەنانەت ئەو هاوڕێیانەشی کە لێمەوە نزیکن تەنها بۆ جوانی دەیکەنە ملیان و هیچی تر " ئەوە بۆ ماوەی چەند مانگێك دەچێت فرۆشتنی جامەدانە لەنێوبازارەکانی شاری سلێمانی گەرموگوڕیەکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە. کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەومۆدێلەی کەلەنێو گەنجانی ئەم شارەدا بەدیدەکرێت .

"بەهرۆز" ئەوکوڕەی کەلەنێو بازاڕی حەوزە وشکەکەی شاری سلێمانی دا خەریکی ڕیکخستنی دوکانەکەی بوو تەنها جامەدانەو قوماشی پشتێنی پیاوانی تێدا بەدیدەکرا بۆ زنار گووتی " من وەك گەنجێك لەملی دەکەم زۆریشم حەزلێیەتی، ئەوە بۆ ماوەی چەند مانگێك دەچێت بازاڕی ئێمە تا



# جێگەی سەرنج بوو ئێمەی کورد هەمیشە جامەدانە وەك هێمایەکی نەتەوەیی لێی دەڕوانین‌و کەچی لەکۆریاو وڵاتانی دراوسێوە دەهێنرێتە نێوبازاڕەکانی کوردستانەوە

ئاستێکی مامناوەند گەرم‌و گوڕیەکی بەخۆوە بینیوە، ڕۆژانەش ٥تا٦جامەدانە دەفرۆشم‌و نرخەکانیان لەنێوان ٨هەزاربۆ سەروترە، جۆرەکانیشی کۆری‌و سوری‌و ئەردەنیەو رەنگی ڕەش‌و سپیەکەی زیاتر پەسەندە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مۆدێلەی کە گەنجانی ئەم شارە ڕویان تیکردووە دواتریش وەرزی ساردو سەرماشە ئەویش هۆکارێکی ترە، بەڵام زیاتر مۆدێلەکەیە "ئەوەی کەلەم ڕێپۆرتاژەدا جێگەی سەرنج بوو ئێمەی کورد هەمیشە جامەدانە وەك هێمایەکی نەتەوەیی لێی دەڕوانین‌و کەچی لەکۆریاو وڵاتانی دراوسێوە دەهێنرێتە نێوبازاڕەکانی کوردستانەوە، تەنانەت جل‌و بەرگی کوردیش لە وڵاتانەوە پێشکەشمان دەکرێت .
" ئەردەڵان عومەر کەفەرمانبەرە بۆ زنار گووتی " باوەڕناکەم لەئێستا گەنجان ئەوندە ئینتیمایان بەهێز بێت تاکوجامەدانە وەك هێمایەکی کوردەواریانە لەمل بکەن بەخۆشمەوە کەگەنجێکم‌و لەدەزگایەکی حکومیشدا کارئەکەم. من وەك گەنجێك تەنها بۆ جوانی لەملی دەکەم ".

حەزم کرد بچمە لای ئەو پیرە پیاوەی کە خەریکی پێچانەوەی سیگارەکەی بوو لەنێو حەوشەکەی مزگەوتی گەورەی شاری سلێمانی خۆی هەڵخستبوو ناوی "حاجی کریم" تەمەنی ٧٥ساڵ بوو دوای مشت‌و مڕێکی زۆر بۆ زنار گووتی " وەڵڵا ڕۆڵە لەو وەختەوەی کەزانیومە دنیا چیە جامەدانەش هەبووە. من گەر جامەدانەم لەسەر نەبێ. لەڕوم نایە بچمە دەرەوەو پێم عەیبە" دەربارەی ئەو گەنجانەش کە جامەدانە لەسەر دەکەن گووتی " کوڕم باوەڕکە بەس بۆ کەش‌و فشە" بەڵام " ئاری عەزیز " کەخاوەنی دوکانی میوە فرۆش بوو. هەربەدەم پاککردنەوەی سێوو تەماتەکانەوە گووتی " من حەز لەمل پێچ ناکەم، جامەدانەکە هەم کوردەواریانەو هەمیش گەرمە".

ئەمیر ڕەشیدی دوکاندار "هۆکاری ئەم مۆدێلەی لەنێوان گەنجان گەڕاندەوە بۆ گەڕانەوەی مۆدێلە کۆنەکان لە باوباپیرانمانەوە بۆ نمونە پانتۆڵی شارستۆن‌و ئەو کەسانەی کە زوو پێشمەرگە بوون دەیان کردە ملیان بەڵام ئەوەی کەلەنێوان گەنجان دەبینرێت تەنها جوانیە باوەڕم نیە بارودۆخی ئێستای کوردستان لەڕوی خزمەتگوزاری‌و تەواوی شتەکان ئەوەندە باش بێت کەمرۆڤەکان ئینتیمای نەتەوەییان بەهێز بێت

.asoqadr85@yahoo.com



گەنجێکی کورد بەجلی کوردی جەمەدانیەوە لەگەڵ جۆرج بۆش سەرۆکی ئەمریکا

# ڕاپەڕینی ١٩٢٢ی هێزی عەشایەری بیتوێنو پشدەر دژ بە ئینگلیزەکان

## هۆکارو دەرەنجامەکانی

**کامەران عەبدە ساڵح**

**ڕۆژی ڕاپەڕینەکە:-**

ڕۆژی ٣٠/٨/١٩٢٢ دوای سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی جەماوەری لە ڕەواندزو چەند ناوچەیەکی دیکەی باشوری کوردستاندا، هێزێکی تۆکمەی دەڤەری بیتوێنو پشدەر کە لە کوڕانی عەشایەری ناوچەکە پێکهاتبوو، هێرشیان کردە سەر ئەو هێزە سەربازیەی بەریتانیا کە لە دەربەندی ڕانیە کۆکرابۆوە، دوای تێکهەڵچونێکی کورتخایەن ناوچەکە ئازاد دەکرێت، هێزی میللی بەدوای هێزەڕاکردووەکەی ئینگلیز دەکەوێتو لە قەڵای(بۆسکێن) دەریاندەکەن، بەرەو شاخی (دەروبزمار)ی ڕانیە ڕاودەنرێن، تەنانەت لەوێش هەر بەدوایانەوە دەبن، کاتێکیش ئینگلیزەکان دەیانەوێت خۆیان بگەیەننە (گردەبلوێر) سوارەکانی پشدەر دەستپێشکەری دەکەنو ئەوێش ئازاد دەکەن، بەمجۆرە هێزی ئینگلیز شپرزە دەبێتو هەموو ڕێگەکانی لێدەگیرێت، خۆیان دەگەیەننە بیتوێنوسەرجەم چەكو جبەخانەکانیان جێدەهێڵنو، لەڕێگەی فڕۆکەوە خۆیان دەگەیەننە (سەرخومە)، بۆ ڕۆژی دوایی ئەوێش چۆڵ دەکەن.

**هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکە:-**

لەساڵی ١٩٢٠ - ەوە ئینگلیزەکان کەوتنە سزادانی خەڵك لە ناوچەکانی باشوری کوردستان، گەرچی خوێندنو نووسین بە کوردی بوو، ڕۆژنامەیەکی کوردیش لە شاری سلێمانی بەناوی (پێشکەوتن)-ەوە دەردەچوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمانە هەمووی تەنها بۆ بەرژەوەندی ئینگلیز خۆی بوو، دەسەڵاتدارانی ئینگلیز زۆر دیکتاتۆرانە لەگەڵ خەڵکدا هەڵسوکەوتیان دەکرد، باری ئابووریش بەپێچەوانەی پڕوپاگەندەکانیانەوە پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بەخۆوە نەبینیبوو.

**سەرەتای دروستبوونی ڕاپەڕینەکە:-**

لەو سەردەمەدا چەند گەنجێکی ڕۆشنبیری سلێمانی نیمچە کۆمەڵەیەکیان بەنهێنی پێکهێنابوو، بە نهێنی نوێنەرێکی کۆمەڵەکەیان دەنێرنە قەڵادزێ بە مەبەستی زانینی باری سیاسی ئەو ناوچەیەو، تێگەیشتن لە بیروڕای ئاغایانی پشدەر، هەر لەو کاتەشدا (شێخ قادری حەفید) لەلایەن سمایل ئاغای سمکۆوە نێردرابوو بۆ دەوروبەری سەقز. نوێنەرەکە لە(کەڵەکی گەرمکان) لەگەڵ کەسایەتی ناوداری پشدەر (عەبدوڵڵائاغای مەحمودئاغا) گفتوگۆ دەکات، لەو دیدارەدا لەوە تێدەگات کە پەیوەندی عەبدوڵڵائاغا لەگەڵ ئینگلیزو (بابەکرئاغای گەورە) باش نیەو، بەو هۆیەوە قەڵادزێی جێهێشتووەو لە گوندی (هێرۆ) دادەنیشێت، چونکە لە سنوری ئێرانەوە نزیکەو لەکاتی پێویستدا دەتوانێت خۆی دەربازبکات، ئەوسا حکومەتی ئێران دەسەڵاتێکی ئەوتۆی بەسەر سنورەکاندا نەبوو.

لە ڕێی هاوکاری عەبدوڵڵائاغاوە، پاش چەند ڕۆژێك لەدێی (نورەدین) چاوی بە (هەباسئاغا)و (ئاغای قەرەنی) دەکەوێت، لە چاوپێکەوتنەکەدا هەباسئاغا باس لەوە دەکات کە ئینگلیزەکانو بابەکرئاغا ڕێککەوتوون بۆ ئەوەی دانیشتوان بکەنە بەندەی خۆیانو، هەموو هەوڵێکیشیان هەر بۆ ئەوەیە، هەروەها بۆی ڕووندەکاتەوە کە نە ئینگلیزەکان حەز بەچارەی ئەم دەکەنو نە ئەمیش چارەی ئەوانی دەوێت، پاشان هەردوولا بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن کە هەتا نوێنەری کۆمەڵە نهێنیەکە لە قەڵادزێ دەمێنێتەوە هەباسئاغا لەگەڵ دۆستو ناسیاوە نزیکەکانیدا قسەبکاتو، ئەویش لەلای خۆیەوە هەوڵبدات بۆ پێکهێنانی بزوتنەوەیەك لەپێناو تێکدانی دەستەی مێجەرسۆنو بابەکرئاغا، پاش ماوەیەك مانەوەی لە قەڵادزێ، بەبڕیاری (حەسەن ئەفەندی) بەڕێوەبەری دارایی، نوێنەری کۆمەڵەکە وەك (مەئموری تەخمینی گەنموجۆی قەزای پشدەر) دادەمەزرێنێت، ئەمە دەرفەتێکی باش دەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت تەواوی ناوچەی پشدەر ببینێتو ئاغاکانیش بناسێت. دوای ئەوەی بەهۆی کارەکەیەوە دەچێتە دۆڵی شاورێی سەر بە قەزای ڕانیە، سەردانی (فەتاح بەگ) دەکات کە نەیارێکی سەرسەختی سیاسەتەکانی ئینگلیزو بابەکرئاغا بووە، لەوە ئاگاداردەکرێتەوە کە لە کۆیە بزوتنەوەیەکی نهێنی دژ بە ئینگلیز پێکهێنراوە کە لەلایەن (حاجی ڕەسولئاغا) و(زانئاغا) سەرپەرشتی دەکرێت، لە ڕەواندزیش نیشانەی پەیدابوونی شۆڕش دەرکەوتووە.

دوای بەدواداچوونی ئەم زانیارییانە، دەردەکەوێت کە (تایەرئەفەندی)، (حەمەشینی سەرچیا)و (خدرئاغا)ی کوڕی، لەگەڵ شێخانی بجێلو عەشیرەتی سورچیو (شێخ کاکەمینی سەلان) هێرشیان بردۆتەسەر ڕەواندزو گرتویانە، لە ئەنجامدا حاکمی سیاسی ئینگلیزو ئیسماعیل بەگ ناچاربوونە لەڕێگەی ناودەشتەوە خۆیان بگەیەننە هەولێرو ئێستا ڕەواندز بەدەست شۆڕشگێڕەکانەوەیە، لە لایەکی دیکەوە غەفورخانی ناودەشت کە لەدەست بابەکرئاغاو حاکمی سیاسی ڕایکردبوو، گەڕاوەتەوە ڕەواندز، شۆڕشگێڕان لەجموجۆڵدانو پەیوەندیان لەگەڵ تورکەکانیشدا هەیە.

ئینجا دێتەوە سندۆڵانو لەڕێی شێخ ئەمینەوە زانیارییەکان بە هەباسئاغا ڕادەگەیەنێت، خۆیشی دەگەڕێتەوە قەڵادزێ، لەو کەتەشدا (ماجید مستەفا) گەیشتبووە ناوچەکە، لەسەر قسەی ئەو دەچێتە ڕەواندز بۆ بەستنی پەیوەندی لەگەڵ شۆڕشگێڕەکاندا، سەرەتا لە قەڵادزێوە دەچێتە سندۆڵان، دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ پیاوێکی شێخ ئەمینی سندۆڵاندا بەرەو ڕانیە دەچن تا لەکاتی پێویستدا دەنگوباسی پێدابنێرێت، لە ڕانیە شەوێك دەچێتەلای حاجی ڕەسولئاغاو ئینجا دەچێتە لای غەفورخان لە ڕەواندز، تێیدەگەیەنێت کە هەمولایەك ئامادەن پەیوەندی لەگەڵ بزوتنەوەی ڕەواندزدا ببەستن، پاشان بە دووقۆڵی لەگەڵ شۆڕشگێڕەکاندا کۆدەبنەوە، باسی بارودۆخی بیتوێنو پشدەر دەکرێت، هەموویان لەسەر ئەوە کۆك دەبن کە پێویستە هێزێکی دەرەکی هەبێت تا کورد پشتی پێببەستێت، دێنەسەر ئەو ڕایەی لەشکری تورك بانگهێشتی ڕەواندز بکەن بۆ ڕزگاربوون لە دەست ئینگلیز، هەربۆیە بۆ



ئەو مەبەستە پەیوەندی بە (والیی وان)-ەوە دەکەن‌و وەڵامی پشتگیری لێوەردەگرنەوە، پێشتریش هەوڵیاندابوو بزوتنەوەکەیان لەگەڵ ڕاپەڕینەکەی سمایلئاغای سمکۆدا یەکبخەن، بەڵام سمکۆ بەڵێنی هاوکاری پێنەدابوون.

ئیدی دەچێتە (وان)و، لەبارەی هێنانی سوپای تورك بۆ ڕەواندز لەگەڵ (قەدری بەگ)-ی والییدا گفتوگۆ دەکرێت، لە کۆتایی تشرینی یەکەمی ١٩٢٠دا لەگەڵ فەتاحی شانەگەر (کە پێشتر نامەبەری نێوان والی‌و بزوتنەوەکەی ڕەواندز بوو) لە ڕێگەی نەهری‌و شەمدیناوا بەرەو (وان) دەکەونە ڕێ‌و، (حەمید)ی پیاوی شێخ ئەمینییشیان لەگەڵدا دەبێت. دوای ئەم سەردانەش، لەڕێگەی (گەوەڕ)-ەوە دەچێت بۆ گوندی (چاریێ) بۆ بینینی سمکۆ، دوای چەند ڕۆژێك چاوی پێدەکەوێت‌و بەیەکەوە گفتوگۆ دەکەن، سمکۆ زۆر ڕاشکاوانە پێیدەڵێت کە بارودۆخی ئەمڕۆ ناخوازێت شۆڕشەکەمان لە ئێران جێبهێڵین‌و بێینە ڕەواندز دوبارە لە ڕێگەی (باشقەڵا)وە دەچێتەوە (وان) لەلایەن بەڕێوەبەری پۆلیس بەناوی والییەوە میوانداریيەکی باش دەکرێت‌و، لەوێ (مەحمود جەودەت) یش دەبینێت کە لەدەست مێجەرسۆن ڕایکردبوو تورکەکان کردبوویانە قومانداری ژاندرمەی ناوچەی وان، چەند ڕۆژێك لەوێ دەمێنێتەوەو ڕۆژانە بۆ ماوەیەکی زۆر لەگەڵ والییدا دەربارەی بارودۆخی باشوری کوردستان‌و ناردنی مەفرەزەیەکی تورك بۆ ڕەواندز قسەدەکەن، دوای گەیاندنی ڕاوبۆچوونەکان لەلایەن والییەوە بە دەسەڵاتدارانی ئەنقەرە، حکومەتی مەرکەزی بڕیاردەدات کە مەفرەزەیەك لەژێر سەرکردایەتی (محییەدینی یوزباشی) بنێرێتە ڕەواندز،خۆیشی بەهۆی سەرماو سەختی ڕێگا لە وان دەمێنێتەوە، فەتاحی شانەگەر دەنێرێتەوە ڕەواندز تا جەماوەر بێ هیوا نەبن‌و چاوەڕوان بن.

**کۆکردنەوەی هێزی سەربازی بۆ ڕاپەڕینەکە:-**

لە نیسانی ١٩٢٢دا مەفرەزەیەك کە پێکهاتبوو لە (١)تۆپ‌و (٢)مەترەلۆزو چەندین تفەنگ‌و جبەخانەو نزیکەی(١٠٠) سەربازو (٥)ئەفسەر بەڕێدەکەون، لەو سەروبەندەشدا (فارسئاغای زێبار) کە لەلای سمکۆ پەنابەر دەبێت بڕیاردەدات بۆ پشتگیریکردن لە جوڵانەوەکە بگەڕێتەوە زێبار، لەگەڵ نزیکەی (٣٠٠) چەکدار بەرەو (نەهری) دەڕۆن‌و لەگەڵ مەفرەزەکەی محییەدینی یوزباشی بەیەك دەگەن، هەر لەسنووری (کانی ڕەش)-ەوە تا ڕەواندز لەلایەن خەڵکی کوردەوە پێشوازییان لێدەکرێت. لەوکاتەدا بە هاندانی ئینگلیز، (شێخ محەمەدی باڵەك)و (محەمەدی عەلیاغای جوندیان) لەگەڵ پیاوەکانیاندا کۆدەبنەوەو وارادەگەیەنن کە بەهاتنی مەفرەزەکە ڕازی نین، بەڵام دوای هاویشتنی تەنها یەك گوللەتۆپ بڵاوەی لێدەکەن‌و تەسلیم دەبن. دوای پەرەسەندنی بزوتنەوەکە، حاجی ڕەسولئاغای شاوریێ‌و ژمارەیەك ئاغاواتی دیکەی ناوچەکە دێنە ناوەوەو دەسەڵاتی هێزی میللی زیاد دەکات.

ماجیدو قالەی ئایشەخان‌و مەحمود فازیل‌و شێخ کاکەئەمینی سەلان‌و بیست سەربازو ئەفسەرێك‌و (شەریف)ی نوێنەری شێخ ئەحمەدی بارزان، سەردانی ماڵی (میرانی ئەحمەدبەگ) دەکەن‌و غەفورخانیش دەگاتە شاوریێ، هەر لەوکاتەدا (ئەحمەد ئەفەندی) کەپیاوێکی (کاپیتان کۆك)ی حاکمی دەربەند بووە، دەستدەکات بە سزادانی دانیشتوانی دۆڵی شاوریێ، ماوەیەکیش پێشتر کاپیتان کۆك بە دەستی خۆی بە شێوەیەکی ناشیرین‌و ئاشکرا لە ڕانیە فەتاح بەگی کوشتبوو، ئەمانە هەموو بوونە هۆی ئەوەی ئاژاوە لە ناوچەکە بکەوێتەوە، خەڵکی هێرشدەکەنە سەر ئەحمەد ئەفەندی، دەیگرن‌و دەینێرنە ڕەواندز، لە ڕێگا لەلایەن دوو بارزانییەوە دەکوژرێت. کە ئەو هێزە دەگاتە شاوریێ، دانیشتوانی (ئاکۆی بەردەر) هەر لەخۆیانەوە هێرشدەبەنە سەر ڕانیە، بۆیە ناچار هێزەکە دەچێتە (سەرکەپکان)و بەشداری لە شەڕی ڕانیەدا دەکات.

حاکمی سیاسی دەربەندو بابەکرئاغا لە قەڵاتی ڕانیە سپێر دەبەستن‌و بەرگرییەکی زۆر دەکەن، لەهەموو لایەکەوە هێرش دەستپێدەکات، ماجید مستەفا (ئۆتۆماتیك) ێك وەردەگرێت‌و تا سەر قولەی ڕانیە هێرش دەبات، بەڵام ئۆتۆماتیکەکەی پەکیدەکەوێت‌و بە زەحمەت ڕزگاری دەبێت، بەهۆی ئەوەی هێزەکە بۆ شەڕی ڕانیە نەهاتبوو خۆیشی ئامادەنەکردبوو،



یۆلێك جەنگاوەرێكی كورد

بارودۆخەكە خراپ دەكەوێتەوە، چونكە بەبێ ڕزگاركردنی (دەربەندی ڕانیە) ڕزگاركردنی ناوشاری ڕانیە سودێكی ئەوتۆی نەدەبوو، بۆ ئەوەی تووشی هێزێكی بەرپەرچدانەوە نەبن، ناچار هێزەكە ڕانیە جێدەهێڵێت‌و دەگەڕێتەوە ڕەواندز. حاكمی سیاسی ئینگلیز‌و بابەكرئاغا بەوە ناوەستن‌و پەلاماری (ئاكۆ)و(شاورێ) دەدەن، خەڵكەكە لێیان دێنەدەست‌و بەرگرییەكی زۆر دەكەن، لە ئەنجامدا هێزە پەلاماردەرەكە بڵاوەی پێدەكەن، بەوچەشنە ناوچەی شاورێ دەكەوێتە ژێر كۆنترۆڵی هێزەكەوە.

**ڕاپەڕینەكە لەسەر داخوازی سەرۆك هۆزەكان بوو:-**

دوای سەرهەڵدانی ڕاپەڕین لەو ناوچانەی باسمان كرد ئاغاكانی پشدەر‌و بیتوێن داوایانكرد دەربەند ئازادبكرێت‌و بۆ دواجار حوكمی ئینگلیز لەوناوچەیەدا لەناوبەرن، هەر لەمكاتەشدا (كەریم بەگی هەمەوەند)و(فەقێ محەمەد)و (سەید محەمەدی جەباری) بەخۆیان‌و دووسەد سوارەوە لەڕێگەی دەشتی حەریرەوە دەگەنە ڕەواندز، ئەمەش دەبێتە هاندەرێك بۆ هەرچی زووتر دەستپێكردنی هێرشەكەی سەر دەربەند. دوای دوو ڕۆژ لە دوو قۆڵەوە : لەڕێگەی شاورێوە بۆ ڕانیە‌و لەڕێگەی ناودەشتەوە بۆ دەربەند جموجۆڵ دەستپێدەكات، هەمەوەندەكان لەقۆڵی یەكەم‌و، ئۆزدەمیر لە قۆڵی دووەم دەبن، لەقۆڵی یەكەمدا هێزەكە بە ئاسانی دەچێتە ناو (شاورێ)و (ئاكۆ)وە، بەڵام هێزەكەی ئۆزدەمیر لەگەڵ هێزی بەهلولئاغای ئاكۆ(كەبەڕێوەبەری ئینگلیزەكان بووە) تووشی شەڕێكی گران دەبێت، ئینجا لە ڕەواندزەوە هێزی دیكە دێت‌و، جموجۆڵ بەرەو (شەهیدان) دەستپێدەكات كە دوو كاتژمێر لە دەربەندەوە دوورە، لە ماوەیەكی كەمدا ئازاد دەكرێت. ئینگلیزەكان ڕانیە چۆڵ دەكەن‌و، هێزی هەمەوەندیش بەبێ وەستان لەڕێگەی (سیوكە)وە تا (بازیان) ڕێگەدەبڕن. ئینگلیزەكان هێزێكی زۆر دەهێننە دەربەندی ڕانیە‌و بڕیاری پاراستنی دەدەن، بابەكرئاغاش لە قەڵادزێ خۆی ئامادە دەكات، بەڵام هێزی میللی بەڕادەیەك زۆر دەبێت كە توانای بەرگەگرتنیان نابێت.

هەر لە بارزانەوە تا سنوری ماوەت شەڕ دەستپێدەكات، بابەكرئاغا لە قەڵادزێ گەمارۆ دەدرێ‌و،هێڵی تەلەفۆنی دەربەند‌و قەڵادزێ پەكیدەكەوێت، گەرچی فڕۆكەكانیش لە سەركوتكردنی ڕاپەڕینەكەدا بەشداری دەكەن بەڵام سوودی نابێت، هەردوو لوتكەكانی شاخی دەربەند لەلایەن هێزی هەباسئاغا‌و غەفورخانەوە ئازاددەكرێن، هێزی جەماوەری (شەهیدان)خۆیان ئامادەدەكەن‌و بەرامبەر دەربەند دەوەستن، جگەلەوەی جەماوەری ڕانیە لە حاڵەتی ئامادەباشیدا دەبن. دوای كوژرانی نزیكەی (٧٠) كەس لەهێزی عەشایەری كوردی، ئینگلیز بەناچاری بڕیاری كشانەوە لە دەربەند دەدات.

**پشدەر دوای ڕاپەڕینەكە:-**

دوای ڕاپەڕینە چەكدارییەكەی دانیشتوانی دەڤەری بیتوێن - پشدەر لە ساڵی ١٩٢٢دا دژ بە ئینگلیز‌و ڕزگاركردنی ناوچەكە، ماوەی ١٥ ساڵ پشدەر بەبێ تەشكیلاتی ئیداری مایەوە، تا ساڵی ١٩٣٧ كە (جەمیل مەدفەعی) وەك سەرۆك وەزیرانی عێراق دەستبەكاربوو، بڕیاریدا تەشكیلات ئەو ناوچەیەش بگرێتەوە، ئەوەبوو لە ناوەڕاستی تەموزی ئەو ساڵەدا هێزێكی گەورەی سوپای عێراق بەرەو پشدەر بەڕێكەوت، كاتێك سەرۆك هۆزەكانی ئەوێ بەمەیانزانی، چەكدارەكانی خۆیان كۆكردەوەو لە زنجیرەچیای (ئاسۆس) تا پشتی(بەردەشان)و(سێوكان) ڕەبیەیان دروستكرد، كە دەسەڵاتدارانی بەغدا هەستیان بەم جموجۆڵە كرد، بڕیاریاندا بە پاشەكشێی هێزە سەربازییەكەیان. لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە داواكرا دوو كەس بە نوێنەرایەتی خەڵكی ناوچەكە سەردانی پایتەخت بكەن بۆ دانوستان، ئەوەبوو (مەحمودی حاجیئاغا)و (باپیری بابەكرئاغا) لەلایەن چەند سەرۆك هۆزێكەوە بۆ ئەو مەبەستە دەستنیشانكران. دوای هەفتەیەك گفتوگۆ‌و ڕاگۆڕینەوە، هەردوولا ڕێككەوتن لەسەر پێكهاتەیەكی ئیداری لە پشدەر، بەڵام بەچەند مەرجێك، لەوانە: جێنشین‌و لێپرسراوانی تری ناوچەكە كورد بن، تا ساڵی ١٩٤٤ حكومەت داوای سەرباز لە خەڵكی ناوچەكە نەكات، جێبەجێنەكردنی یاسای زەویوزاری عێراقی لە پشدەر.

دوای ڕێككەوتنەكەش، پێكهاتەی ئیداری پشدەر بەمجۆرە بوو:-

١-هەمزەبەگ - جێنشینی قەڵادزێ.

٢-ئەحمەدی بابەكرئاغا - سەرۆكی شارەوانی قەڵادزێ.

٣-خدری حاجیئاغا - بەڕێوەبەری ناحیەی (بنگرد).

بەم پێكهاتە ئیدارییە، دەڤەری پشدەر توانی گەشەیەكی بەرچاو بە خۆیەوە ببینێت، بە تایبەت لەڕووی دروستكردنی قوتابخانە‌و، ئاووئاوەڕۆ‌و، دروستكردنی جادده بۆ دێهاتەكان. ناكرێت ئەوەش لەبیربكەین كە دوای ڕاپەڕینی ١٩٢٢ لە قەزای ڕانیە‌و پشدەر تەشكیلاتێكی عەشایەری بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەكە دەكرێت،

لەڕوانگەی ئەوەوە کە بابەکرئاغا بەبێ شەڕ قەڵادزێی جێهێشتبوو دەستەی هەباسئاغا ئەوێیان ئازادکردبوو، (بایزئاغا) دەبێتە قایمقامی قەڵادزێ‌و، شێخ ئەمینی سندۆڵانیش دەبێتە قایمقامی ڕانیە، (ڕەمزی بەگ)ناوێك وەك مەئموری دەربەند، (فەوزی بەگی یوزباشی) دەبێتە قوماندانی ڕانیە، ئۆزدەمیر دەگەڕێتەوە ڕەواندزو هێزی میللیش هەرکەسە بۆ شوێنی خۆی بڵاوەدەکات، تەنها هێزێکی کەم‌و سەربازەکان‌و غەفورخان لەگەڵ هەندێ لەپیاوماقوڵانی ڕانیەو قادرئاغای مستەفائاغا مدیری مەرگە دەمێننەوە، چالاکی ئینگلیزەکانیش تەنها فڕۆکەکان دەمێننەوەو هیچی دی.

**کاریگەری ڕاپەڕینەکە بەسەر ناوچەکانی دیکەوە:-**

وەفدێکی خەڵکی سلێمانی دێتە ڕانیەو داوایان لێدەکەن سلێمانیش ڕزگار بکەن، بەڵام ئەوان ئەمەیان بەلاوە باش نابێت‌و، دەڵێن کە پێویستە چاوەڕوانی گەڕانەوەی شێخ مەحمود بکەن، کاتێکیش شێخ دەگەڕێتەوە سلێمانی، سەرانی بزوتنەوەکە بۆ ئەوەی نیشانی بدەن کە هەر لەژێر سەرپەرشتی ئەودا دەبن، هێزێك لە (قەمچوخە)وە دێننەوە ڕانیە، ئینجا لەگەڵ هەباسئاغا بەنهێنی گفتوگۆ دەکەن‌و، پێشنیار دەکەن بابەکرئاغا ئاشتبکاتەوەو بەیەکەوە بچنە خزمەت شێخ مەحمود بە مەبەستی بەخێرهێنانەوەی، کارەکە سەردەگرێت‌و هەردوو ئاغای کۆنەدوژمن لەگەڵ پیاوانی خۆیاندا دەچنە خزمەتی شێخ لە سلێمانی. هەباسئاغاو کاپیتان چەکمەن لە سلێمانی یەکتردەبینن‌و لەسەر ئەوە ڕێکدەکەون کە ڕانیە بدرێتە دەست ئیدارەی شێخ مەحمود، سەرانی بزوتنەوەکەش لەو ڕوانگەیەوە لەگەڵ فەوزی بەگی قوماندان وتووێژ دەکەن‌و دەگەنە ئەو ئەنجامەی کە قەزای ڕانیەو پشدەر تەسلیم بە ئیدارەی شێخ مەحمود بکەن‌و، بۆ بەرژەوەندی سیاسی‌و سەربازییش مەفرەزەکانی ڕانیەو دەربەند بگوێزرێنەوە بێتواتە، قایمقام‌و هێزی پۆلیسی شێخ بهێنرێتە ڕانیە، بەو مەرجەی کەسێکی سەر بە بزوتنەوەکە بکرێتە قایمقامی ڕانیە، بۆ ئەو مەبەستەش (سەید عەبدوڵلا ) پێشنیاردەکرێت.

پاش ماوەیەك، دوای ئەوەی شێخ مەحمود لەو ڕێککەوتنە ئاگادار دەکرێتەوە، سەید عەبدوڵلا بە خۆی‌و دەستەکەیەوە(چەند پیاوێکی ئینگلیزیشی لەگەڵدا دەبێت)، دەگاتە ڕانیەو، دەستدەکات بە ئیدارەدانی ناوچەکە. بەڵام زۆر ناخەیەنێت کە کردەوەکانی ئینگلیز دێنەوەبوون‌و، ڕێککەوتنەکە ڕەتدەکەنەوە کەدەبوایە کۆیەش بخرێتە ژێردەسەڵاتی حوکمداری کوردستانەوە، سەرەنجام دوای هاتنەئارای چەندین ڕوداوی سیاسی نوێ، هەموو شتێك کۆتایی پێهێنرا، هەباسئاغاش بە ناچاری لەگەڵ ئینگلیزدا ڕێکدەکەوێت لەسەر ئەو مەرجەی کە بە یەك چاو لەگەڵ بابەکرئاغا لە تەشکیلاتی تازەی ئیداری پشدەردا سەیربکرێت.


سەرچاوەکان:

١-یاداشتەکانم(ڕەفیق حیلمی)-١٩٧٥

٢–خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی ئەحمەد تەقی دا-(جەلال تەقی)

٣-مێژووی میراودەلییەکانی پشدەر-ئەحمەد ئەحمەد ڕەسول- سلێمانی -٢٠٠٢

٤-یادێك لە مرۆڤێکی جاویدانی-حەبیبە بابان-گۆڤاری قەڵادزێ- ژمارە -٢-زستانی ٢٠٠٦

٥-بیرەوەریەکانی ئەحمەدی حەمەئاغای پشدەری-عەبدولڕەقیب یوسف-١٩٨٦-بەغداد.



جەنگاوەرێکی کورد لە کاتی پشودان

# منداڵبوون Parturition

کوڵاڵە پشدەری -هۆڵەندا



منداڵ بوون یان باردانان، واتە مرۆڤ هاتنە سەرجیهان. ئەوە حاڵەتێکە کەFetus (کۆرپەلەی ناو منداڵدان/جنین) لە منداڵدانیرا بە رێگەی کۆ ئەندامی باردانانەوە بێتە دەرەوە وەکو منداڵی ساوا.

**قۆناغەکانی منالّبوون بە شێوەی ئاسایی**

سەرەتای منداڵبوون: منداڵبوون کاتێك دەستپێدەکات کە Uterus دەست بە خۆڕاکیشان بکات(بەهۆی ژان) Contractionsکە لە دەرەنجامدا دەروازە/ گەردنی منداڵدانCervix خۆی دەگۆڕێت (خۆ ڕاکێشان) جاری واشە منداڵبوون بە تەقینی کیسە/ پەردەی ئاوی ناو منداڵدان دەستپێدەکات کە لە دواییدا ئاوی کیسەکە دەڕژێتە دەرەوە. ئەگەر کیسەکە لە بەشی سەرووی منداڵدا بتەقێت، لەوانەیە ئاوی کیسەکە بە چۆرە چۆرە بڕژێتە خوارێ. ئینجا دوای ژانو بریك دەستپێدەکات. جاری وایە ئەگەر کیسە ئاو تەقیبێت، ژان دەستپێناکات. ئەگەر وابێت، لەم حاڵەتدا دوای ٢٤-٤٨ کاتژمێر یارمەتی ژنی دووگیان دەدرێت بۆ دانانی بارەکەی بەشێوەیەك لە شێوەکان. ئەوە بۆ بەرگریکردنە لە پەیدابوونی مەترسی هەوکردن.

نیشانەکان: نیشانەیەکی دەستپێکردنی منداڵبوون ئەوەیە کە چڵمی خوێناوی لە لەشی ئافرەت بێتە دەرەوە، ئەو گلۆڵە چڵمەی کە لە پێش دەروازەی منداڵدان دایە. ئەوە نیشانەی ئەوەی کە دەروازەی منداڵدان خەریکی خۆکردنەوەیە، بەڵام لەوانەشە دەرەنجامی پشکنینی ناو لەش بێت بە پەنجە. ئێستا لەم حاڵەتەدا جارێ دیارنییە کە منداڵبوون دەستپێبکات، لەوانەیە چەند رۆژێك بخایەنێت.

**قۆناغی خۆڕاکێشان/ کردنەوە/گووشین.**

لە قۆناغی خۆکردنەوەدا دەمی منداڵدان( PORTIO) دەکرێتەوە. کردنەوەکە لەسەرەتای منداڵبووندا دەستپێدەکات. لەگەڵ هەر خۆڕاکێشانێك Contraction، دەمی منداڵدان هەندێك رادەکێشرێت تاکو ئەوە دەگاتە قەبارەی ١٠سانتیمەتر. بەڵام لەپێش ئەوەی کە ئەوە رووبدات دەبێت دەمی منداڵدان شلو خاو بووبێتەوەو بتوانێت خۆی راکێشێت.

خۆکردنەوە ماوەی چەند دەخایەنێت؟: ماوەی خۆکردنەوەی دەمی منداڵدان دیارنییە، لەوانەیە ئافرەتێك هەستێکی وای پێنەکاتو هەندێك هەر لە سەرەتادا هەستی پێبکات. ئەم قۆناغە لە ئافرەتێك کە تا ئێستا نەزاون(Mulliparae)، زیاتر پێوە دەبن تاکو ئەوانەی جارێك زاون(Primiparae)و ئەوانەی کە زیاتر لە جارێك زاون(Multiparae)، ئەو ئافرەتانەی کە بۆیەکەمجار دەزێن، بەشێوەیەکی گشتی ٢٤کاتژمێرێك تا چەندین رۆژیان پێدەچێت. بۆ منداڵنی داهاتوو پرۆسەکە شتێك ئاسانتر دەبێت. ئەگەر ژان دەستپێبکرد ئەوە نێوانیان لە ١٠تا ٣٠خولەك دەخایەنێتو هەر ژانێك کەم یان زۆر ٤٠تا٦٠چرکەی پێدەچێت. نێوانی هەر خۆکردنەوەیەکی دەمی منداڵدان کاتێك منداڵبوون کورتتردەبێتەوە واتە ژانەکان لێك نزیك دەبنەوەو هەروەها بەهێزترو درێژترو بە ئازارتر دەبن. ئەوە پێی دەڵێن بوونەوەیی تەواو واتە ئامادەیە بۆ زان.

**قۆناغەکانی بوونەوەیی تەواو یان ئامادە بۆ زان:-**

-قۆناغی سەرەتا: ٠تا٤ سانتیمەتر بوونەوەی دەروازەی منداڵدان. لە دوای هەنگاوی یەکەمدا هەر دوو خولەك جارێك یەك ژان دێت، کە کەم یان زۆر یەك چرکە دەخایەنێت. ئەم قۆناغە لەوانەیە زۆری پێ بچێت. تا دوو رۆژ ئاساییە.

-قۆناغی ناوەندی: لە ٤تا٨ سانتیمەتر بوونەوەی دەمی منداڵدان. ئێستا لێرەدا هەندێك بە خێراییتر دەڕوات، چونکە ژانەکان بەهێزترو زۆر زووتر دێن لە(نێوان ٣- ٤خولەك).

-قۆناغی کۆتایی: لە ٨تا١٠ سانتیمەتر بوونەوەی دەمی منالّدان. لەم قۆناغەدا ژانەکان یەکەمجار زۆرو زوو زوو دوا بەدوای یەکتردێن. ئافرەت دەبێت ئاگای لە وەرگرتنی ژانەکان بێتو ئەگەر بوو بە١٠ سانتیمەتر ئیدی کاتی دەرپەڕاندنی کۆرپەلەیە.

**باشە پیش منداڵبوون کیسە ئاو بتەقێندرێت یان نە؟.**

لەحاڵەتی منداڵبووندا جیاوازییەك دەکرێت لەنێوان " بوونەوەی دەروازەی منداڵ" و" دەرپەڕاندنی" کۆرپەلە. لە لێکۆڵینەوەیەکی کەنەدییدا سەلمێندراوە ئەگەر دوای قۆناغی سەرەتایی بوونەوەی دەمی منداڵدان، کیسە ئاو بتەقێندرێت، ماوەی ٢کاتژمێر منداڵبوون پێش دەکەوێت. لێرەدا تەنیا ماوەی بوونەوەی دەمی منداڵدان کورتتر دەبێتەوە نەکو ماوەی دەرپەڕاندنی کۆرپەلە. دڕاندنی یان تەقاندنی کیسە ئاو کاتێك ماوەی بوونەوەی دەمی منداڵدان هیچ زیانێکی نەسەلماندووە بە گوێرەی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

ژان: ژان سەرەتا بەسووکی دەستپێدەکات بە تێپەڕبوونی چرکەکان بەرەبەرە بە ئازارتر دەبن تاکو دەگەنە رادەیەکی باڵا. دوای ئازارەکە سووکتر دەبێتەوە. بەهۆی بەهێزو بە ئازاربوونی ژانەکان، جۆرێك "راهاتن" بە ئازار روودەدات. ئەوەش هۆیەکەی هۆرمۆنەکانە کە جەستەی مرۆڤ بەرهەمی دێنێت.

**قۆناغەکانی دەرپەڕاندنی کۆرپەلە:-**

دوایی کە دەمی منداڵدان بە باشی شالبوو بە ئەندازەی پێویست کرایەوە، قۆناغی منداڵبوون دەستپێدەکات. لەم قۆناغەدا بەهۆی لە ئازادبوونی خۆڕاکێشانیو خۆکردنەوەیی منداڵدانو بە چالاکانەو بە هەڵمەتی پەستان خستنە ناو زگ بۆ هاتنە دەرەوەی کۆرپەلە(پاڵدان)، ئینجا کۆرپەلە بە لەشی دایکدا پاڵپێوەدەنرێتە دەرەوە. ئەم پەستانە ژانانە هەستی وەکو هاتنی (پیسایی)هەیەو ئەوانە یەکجار زۆر بەهێزن. دایکەکە هیچ چاری دی نییە جگە لەوەی کە دەبێ بە چالاکانە هێزی خۆی بداتە خوارەوە. زیاتر لەم هەنگاوەدا کیسەئاو لە خۆیەوە دەتەقێت، ئەگەر ئەوە لە قۆناغی سەرەتادا نەتەقیبێت. جاری وایە کیسە ئاو هەر ناتەقێتو کۆرپەلە لەناو کیسەئاوەکەدا دێتە دەرەوەو پێی دەڵێن کۆرپەی ناو پەردە. ئەگەر هێزدان زیاتر لەماوەی ١کاتژمێری خایاند، دەبێ کۆرپەلە پشکنینی پزیشکی لەبارەی تەندروستی گشتی بۆ بکرێت، ئینجا باشتر وایە ئەگەر دایکەکە لەماڵێ بوو بڕواتە نەخۆشخانە. پزیشکی ژنان Gynecologicپشکنینی دڵ بەڕێگەی CTGواتەCardiotocographyئەنجام

دەدات بۆ زانینی تەندرووستی کۆرپەلەکە، تا بزانن کە ئایا ئەو کۆرپەلەیە لەناو منداڵداندا بەرگەی ئەو پەستانە دەکات، نایخاتە مەترسیەوە؟. هەروەها پزیشکی ژنان توێژینەوە لەسەر کۆرپەلە بەهەڵە لەناو منداڵداندا ئەنجام دەدات بۆ زانینی تەندروستی کۆرپەلەکە، تا بزانن کە ئایا ئەو کۆرپەلەیە لەناو منداڵداندا بەرگەی ئەو پەستانە دەکات، نایخاتە مەترسیەوە؟. هەروەها پزیشکی ژنان توێژینەوە لەسەر ئەوە دەکات کە هۆکاری دوورودرێژی زۆر مانەوە بدۆزێتەوە، بۆ نموونە لەوانەیە سەری کۆرپەلە بەهەڵە لەناو منداڵداندا بێت یان بەهەڵە پاڵکەوتبێت (بەتەنیشت، بەشان، بەسمت یا بە قاچ). زۆرجار کێشەکە کەمبوونی هێزی ژانە، ئینجا بەرێگەی هەلواسینیInfusion+Oxytocine ئاوی تایبەت لەگەڵ مادەی ژانهێنەر بەکاردێنن بەرێگەی بۆری خوێن، بۆ بەهێزکردنی ژان.Oxytocine هۆرمۆنی نۆرمالە (ئاساییە)کە لە گلاندHypofyse هیپۆفیزەوە فەرمان دەنێرت کە ژاندرووست ببێت. ئەگەر هاتوو منالبوون بێکێشە بوو: دایك جارێ هێزی مابوو، کۆرپەلە حالی باش بوو، ئینجا کێشە نییە ئەگەر لە کاتژمێرێك زیاتر هێز/پاڵدان بدات.

ئەگەر ژان نەماو منالبوون راوەستاو ئیتر "نەهاتە دەرەوە" ئەوە دەبێ بەشێوەی بەدەستهێنانە دەرەوە بەرێگەی (acuum-forceps,و یان بەرێگەی نەشتەرگەری(Sectio caesarea) دایكو کۆرپەلە رزگار بکرێن. هەندێکجار(زیاتر ئەو ئافرەتانەی کە بۆیەکەمجار منداڵیان دەبێت) تەنیا بە برینی لایەك لە لەشیان بە مقەست (Episiotomy) کاتێ ژان، رزگاریان دەبێت لە دەرپەڕاندنی کۆرپەلەکەیان بەشێوەیەکی نۆرماڵ(ئاسایی). گەورەترین بەشی کۆرپەلە کە دژوارترە لە بەشەکانی دی بۆ هاتنە دەرەوە بەشی (سەرە). ئەگەر سەرهات، بۆ بەشەکانی دی زیاتر بە تەنیا یەك یان دوو ژانو پاڵی پێویستە بۆ دەرپەڕاندنی بۆ دەرەوە.

**کاتی دوای منداڵبوون**

دوای منداڵبوون ماوەی کەم یان زۆر ١٠تا ٣٠خولەك دەخایەنێت کە هاوەڵمناڵ(Placenta)لە دایك ببێتەوە. ئەگەر ئەویش هات ئینجا منداڵبوون بەسەرکەوتوویی ئەژمار دەکرێت( هۆڵەندیەکان دوایی هاتنی هەردوویان، پیرۆزبایی دەکەن). بۆهاتنی هاوەڵمناڵ دەتوانن دەرمانی ئۆکیتۆکسین بەکاربهێنن. ئەگەر هاوەڵمناڵ لەماوەی ١ کاتژمێردا نەهات، ئەگەری ئەوەهەیە کە رێگەی ئاسایی نەهێتە دەرەوە. ئینجا پزیشکی ئافرەتان هاوەڵمناڵەکە لە ژووری نەشتەرگەریدا بەدەست دەربهێنێت. دوای بەدەست دەرهێنانی هاوەڵمناڵ برین درووست دەبێت لەناو منداڵداندا کە دەبێتە هۆی لە دەستدانی رێژەیەکی زۆر لەخوێن بۆ ماوەی چەند هەفتە.

**دوای منداڵبوون**

دوای منداڵبوون ئافرەت بۆ ماوەی ١٠ رۆژ خوێنی هەیە. ئەم رێژە خوێنە زۆر زیاترە لە خوێنی سوڕی مانگانە Menstruation. دوای کەم یان زۆر ١٠ رۆژ خوێن کەمتر دەبێتو شێوەی خوێنی سوڕی مانگانە دەبێت. جاری وایە ئافرەتەکە ژانە زگی یان پشت ئێشەی هەیە. هۆکاری (ژان)ئەوەیە کە منداڵدان هەوڵ دەدات بگەڕێتەوە باری ئاسایی خۆی بە خۆگوشین. ئەگەر ئافرەت شیری خۆی بدات بە منداڵە ساواکەی، ئەو خۆگووشینو کۆکردنەوەی منداڵدان بەشێوەیەکی گشتی زیاترو زوو زوو ترە تاکو ئافرەتێك کە شیری خۆی نادات، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە برینی ناو منداڵدان بەهۆی بەدەستهێنانی هاوەڵمناڵ بچووکترو زووتر چاك دەبێتەوە. ئەو ئافرەتانەی کە شیری خۆیان نادەن بە منداڵ، ماوەی خوێن لە دەستدانیان زیاترە. ئەو ئافرەتانەی کە شیری خۆیان دەدەن بۆ ماوەی٣-٤هەفتە خوێنرێژییان هەیە. بەڵام ئەوەی مەرجیش نییە بۆ هەموو کەس وابێت، ئافرەتی وا هەیە تەنیا هەفتەیەكو ئافرەتی واش هەیە تا شەش هەفتە. دوای شەش هەفتە پێویستە ئافرەت سەردانی پزیشك بکات بۆ هەڵسەنگاندنی باری تەندرووستی دایكو منداڵ.

**ماوەی زەیستانی**

زۆر لە ئافرەتان سێ یان چوار رۆژ دوای منالبوون واتە کاتێ زەیستانی کێشەی Postnatal depression دەگرن واتە زاراوەکە تووشی خەمۆکی دەبێتو لەناکاوڕا لەخۆڕا دەگریەت. ئەوە بەسەرهاتە لەهۆی ئەو گۆڕانکاریەیە کەبەسەر جەستەی داهاتووەو هەروەها دەرەنجامی گۆڕانکاری هۆرمۆنەکان، کێشەی مەمك ئاوسانو هەندێك جار بەهۆی تەقەڵ لێدان لە لەشیو ...هتد. منداڵبوون نەك تەنیا لایەنە جەستەییەکەی ئافرەت بەڵکو لایەنە دەروونیەکەشی زۆر بارێکی گرانە. زۆربەی ئافرەتان دوای چەند هەفتەیەك دێنە سەر بارودۆخی جاران. بەڵام ئەگەر منداڵبوون بەرێگەی نەشتەرگەری بووبێت؟، یان نەخۆشی HELLP OF PRE-ECLAMPSIE هەبێت لەکاتی دووگیانیدا ئەوە جیاوازەو کێشەی زۆری بەدوادایە. کێشەکانی جەستەیی بە دڵنیایی تا ماوەی سالێك دەمێنێتەوە. هەروەها کێشەکانی دەروونی لە زۆربەی ئافرەتاندا لادەچن. ماوەیەکی پێدەچێت تا کۆرپەلەو دایك یەکتر دەناسنو هەروەها ئەندامانی دیکەی خێزان ئەگەر منداڵی دیکەیان هەبێت. بەدڵنیایی ئەگەر کێشەکان زۆربن، ئەوە ئافرەتەکە ماوەی زیاتری پێویستە تا لە باری ئاڵۆزی دەروونی چاك بێتەوە. هەندێك لە ئافرەتان کێشەی گرژی دەروونیان دەمینێتەوە وەکو خەمۆکی. ئەوانە هەست بە بەختەوەری ناکەن بە هەبوونی منداڵەکەیان، ئەوان هەست بە نائارامی دەکەنو وا دەزانن رۆژانە هەر کارێك یان چالاکیەك بکەن ئەوە زۆرەو پێیان ناکرێت.

ئەم حاڵەتە نۆرماڵ(ئاسایی)نییەو لێرەدا پێویستە لەژێر چاودێری پزیشکی خانەوادە یان مامان یان پزیشکی پسپۆری ئافرەتاندابێت. ئەوەی پێی دەڵێن:Postnatale depressionیان Postpartumdepression زۆبەی ئەم نەخۆشانە بەباشی بەرێگەی دەرمانی دژە خەمۆکی چارەسەر دەکرێن. ئەوە نەخۆشی جەستەییە کە نەخۆشی دەروونی درووست دەکات. کێشەو نائارامیەکانی ئەو ژنانە بە دلنیایی راستنو نابێ پشتگوێ بخرێن ( بە کوردیو کورتی ئەوە نازکردن نیە بەڵکو راستە). شێوەیەکی زۆر یەکجار قووڵ لە نەخۆشی Postpartumdepression نەخۆشی Postpartumpsychoseیە کە لەم نەخۆشیەدا هەروەها جۆرێك لە تێکچوونی تەواوی باری دەروونی روو دەدات کە مرۆڤ پێیوایە دەیکوژن یان دەیخنکێننو...هتد.

**ئەگەری کێشەکانی باردانان(زان).**

⋆هەبوونی نەخۆشی لەپێش کاتی دووگیانی: نەخۆشی شەکرە Diabatetes Milities، نەخۆشی بەرزی پەستانی خوێن Hypertension ، Thyroid.

⋆کێشەی بچووکمانەوە(گەشە نەساندن یان Negative Dyscongurentia).

⋆ Pre-eclampsie end/of HELLP- Syndrome.

* **پێشکات کیسەی ئاو تەقین:-**

⋆ پێشکات ژان دەستپێکردن.

⋆ ژانی بێ هێز.

⋆ جێگەگرتنی نالەباری منداڵ لەناو منداڵدان(سووڕاوی بە تەنیشت، بە سمت).

⋆ جێگەگرتنی نالەباری منداڵ لەناو رێگەی منداڵبووندا(بەشان).

⋆ رێژەیەکی زۆر لە دەستدانی خوێن( Fluxus of haemorrhagia postpartum=HPP).

**تووشبوون بە میکرۆئۆرگانیسمەکان کاتی منداڵبوون**

٢٠٪ی خەڵكو هەروەها ئافرەتانی دووگیان، هەڵگری باکتریای جۆری Streptococcus agalactiae کە هەروەها پێی دەڵێن( GBS,Gruop B Streptococcus) کە ئەم باکتریایە لەناو گەدەدایە. بەشێکی کەم لە ئافرەتان ئەو باکتریایە هەروەها لەناو ئۆرگانی شەرمیان(لەش)دا دەبینرێت، بێ ئەوەی کە هیچ کێشەیەکیان لەگەڵیدا هەبێت. بەڵام ئەگەر لەکاتی منداڵبووندا



هەندێك ریسك فاكتۆر هەن وەكو: منداڵ زووتر لەكاتی خۆی بوون، ماوەیەكی زۆر پێشكات كیسە ئاو تەقیبێت یان ئافرەت تای هەبێت، ئینجا ئەگەری زۆرە كە منداڵەكە تووشی ئەم باكتریایە بێتو بیگرێتەوە. ساڵانە رێژەی ١٠٠تا١٥٠كۆرپەلە له(هۆڵەندا) ئەم باكتریایە لە دایكەوە دەگرنەوە. دەرەنجام كۆرپەلە تووشی هەندێك نەخۆشی دەبێت وەكو كێشەی چڵكگرتنی سییەكان(Pneumonia) ژەهراوی بوونی خوێن(Sepsis) مێشكە پەردەسۆ(Meningitis). ئەگەر دیاركەوت كە دایك هەڵگری ئەم باكتریایەیە، كاتی منداڵبوون دەبێ دایك دەرمانی دژە باكتریا(anti-Biotica)ی، بۆ رێگەی بۆری خوێن لە گەڵInfusion بەكاردێت تا بەرگری لەم ریسك فاكتۆرانەی سەرەوە بكریت.

**مێژووی منداڵبوون لە رابردوودا**

وەكو دەزانین كە هەر لە سەرەتای درووستبوونی پرۆسەی زایندەیی لە دایك" هەروا" وە كە دەستی پێكردو هەروا دووگیان بوو بۆ منداڵبوونی فەرمانی پێدا بچێتە ناو رووبار بۆ دانانی بارەكەی. ئینجا وا دیارە كە منداڵبوون لە ناو ئاو سوودێك دەبەخشێت بە ژن. لە جیهانی ئەمرۆشدا لەناو خێزانە زەنگینەكان هەن كە لەناو (بانیۆ)دا منداڵیان دەبێت. بەو زانیاریەی ٥٠٠٠ ساڵ پێش مەسیح، زانستی ئاساری كۆن كە بەدەست دراوە دەڵێت: ئەوسا منداڵبوون بە شێوەی دانیشتن یان لە سەر ئەژنۆ دەبوو. لە دواییشدا دیارە لە وێنەكانرا كە پشتی راستەوە كراوە لە جیاتی راكێشان بوو. لە تەواوی ئەفریقیا، ناوەراستو باشووری ئەمریكاو هەندێك بەش لە ئاسیا ژنان منداڵیان بە راوەستاوی، دانیشتوویی‌و یان لەسەر ئەژنۆ دەبوو. هەندێك جار ژنانی دووگیان منداڵیان كاتی كارو كاسبی لەسەر زەوی‌و باغدا دەبوو. لە داب‌و نەریتی زولوەكاندا(جۆرێك ئەفریقی) دەبێ منداڵەكانی دیكەیان ئامادەی منداڵبوون بن. ئەوە بە تێروانینی ئەوان بەشێكی گرنگە لە پەروەردەی منداڵ.

**مێتۆدەكانی منداڵبوون و ئەلتەرناتیف:-**

**منداڵبوونی ئاسایی**

لەماوەی چەند دەساڵەی رابردوودا هەندێك رێگە/ مێتۆد لەلایەن چەند پزیشكێك ئاراستە كراون، كە یارمەتی ژنی دووگیان دەدەن چۆن بە رێگەیەكی ئاسایی منداڵی ببێت( بە بێ ئەوەی هەست بە ئازار بكات).

Grantly Dick Reed پزیشكێكی بریتانییە، كە وەك لێكۆڵەرێكی زانستی دەناسرێت لە بارەی هەستەكان‌و مامەڵەكردن لەگەڵ كاتی لە دایكبوون بە چالاكی.(گرانتلی) لەو باوەڕەدایە كە هیچ چالاكیەكی جەستەیی فیزیۆلۆژیكی لە گەڵیدا(ژان)نابێ ببێتە هۆی ئازار، ئەگەر مرۆڤ خۆی باری تەندرووستی گشتی باش بێت. لەو راستەیەی كە دەستی كەوت، توانی بگاتە ئەو باوەڕە كە هەندێك لە ژنان كاتی منداڵبوون(ژان) ئازاریان هەبووو هەندێكیان نەیانبوو، ئینجا ئەو پێی وایە كە ژان خۆی هۆی ئازار نییە، بەڵكو هەندێك فاكتۆر لەپشت ئەو ئازارەدا هەن كە دەبنە هۆی ئازار. ئەوانەش بیرو هەستەكانی ژنە زۆر پەیوەستە بە درووستبوونی ئازار. ئەوەش چارەسەر دەكرێت بە رێگەی وشیاریدان بە ئافرەت لە شێوەی جەستەی مرۆڤ‌و چۆنیەتی منداڵبوون.

**شێوەكانی چارەسەری:**

- Relaxatietechnics تەكنیكەكانی ئارامكردنەوە.
- Training راهێنان.
- Breathing/Respiratory training - راهێنانی هەناسە .
- General physical traini راهێنانی گشتی جەستەیی.

هەروەها باوكی كۆرپەلە بانگهێشت دەكرێت بۆ بەشداریكردنی لە پرۆسەی منداڵبووندا بە چالاكی.Ferdinand Lamaze كە پزیشكێكی رووسی بوو، مێتۆدێكی دیكەی درووستكرد. بەبڕوای ئەو مرۆڤ هۆكاری فیسۆلۆژیكی‌و دەروونی‌و رەنگدانەوەی لەسەر ئازار دەبێ بزانیت، پێش ئەوەی كە منداڵبوونەكە بێ ئازار بێت. كاتی ژانگرتن ئەو خۆڕاكێشان‌و خۆ گوشینەی منداڵدن هەندێك Nerve Impulse فەرمان/ ئاماژەی دەماری درووست دەكات، كە بۆلێكدانەوە بۆ مێشك دەنێرێت. لەگەڵ گەشەسەندنی كۆمەڵگەی

مۆدێرندا، ئەو ئاماژەیە وردە وردە دووره وەکو وەرگرتن/ ڕەنگدانەوەی ئازار دەبینرێت، بە شێوەیەك کە خۆڕاکێشانی منداڵدان کە خۆی بێ ئازاریش بێت، ئازار درووستدەکات. بەتێڕوانینی ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هەیە بە میتۆدی لامازە، دەڵێن ئەو وەرگرتنە ڕەنگدانەوانە یان ئازار لە هۆکاری تەجروبەیەکی کەسایەتی نییە، بەڵام چونکە لە هەموو دەورووبەرماناندا منداڵبوون بە ڕووداوێکی زۆر دژوارو بە ئازار ناسراوە. یەکێك لە مەبەستەکانی میتۆدی لاماز بنبڕکردنی هەستەکانی ئازارو هەستە نێگەتیڤەکانە کە لەگەڵ منداڵبووندا دەبینرێتو وا دەزانرێت ئەوەش بەڕێگەی لابردن/ لەبیربردنەوەی ئەو هەستو بره ناخۆشانە، بۆ ئەو باوەڕەی کە لە ڕاستیدا خۆڕاکێشانو خۆ گووشینی منداڵدان ڕۆڵێکی گرنگە لە پرۆسەی دایکبوونی کۆرپەلەدا. هەروەها مرۆڤ دەبێت ژنەکە فێربکات لە ڕێگەی هەناسەکێشان بەشێوەیەکی درووست بۆ ئەوەی هەست بە ئازار نەکات. Frederick Leboyer ی، فەرەنسایی کە پزیشکی ژنانە، میتۆدێکی دی لە منداڵبوونی دانا. ئەو پزیشکە لە پەرتووکەکەیدا کە لە ساڵی ١٩٧٥دا چاپی کردووەو سەردێڕکەی دەڵێت" لەدایکبوونی بێ ئازار". ئەو لەو بڕوایەدا کە لە دایکبوون کاریگەرییەکی (ترسو تاسانی) هەیە لەسەر کۆرپەلە، چونکە کۆرپەلە لە شوێنێکی تاریكو منداڵدانیکی گەرمەوە لەناکاو دێتە ناو شوێنێکی سارد، وشك، ڕووناكو پڕ لە دەنگە دەنگ. ئینجا باشتر وایە کە منداڵبوون لە شوێنێکی نیوە تاریكو زۆر بێدەنگدا بێتو دوای لە دایکبوونی کۆرپەلە زوو لە سەر زگی دایك دابنرێت. نێوکی کۆرپەلە کاتێك ببڕدرێت کە کۆرپەلە لە دەستو پێلدانو گریان لێ بووبێتەوە(ئارام بێت) بۆ ئەوەی کە کۆرپەلە تا ڕادەیەکی باش بتوانێت ئۆکسیژێن وەرگرێت. لە دواییدا پشتی کۆرپەلە دەشێلرێتو لەناو تەشتە ئاوێکدا کە پلەی گەرمای وەکو پلەی گەرمای جەستەی ئەوە دەشۆردرێت. (لۆبۆیەر) پێیوایە بەم ڕێگەیە، منداڵە ساوایەکە کەمتر دەگریەتو هاوار دەکات، چونکە هەستی ترسی نییە. ئەو باوەڕەی لۆبۆیەر لەلایەن هەندێك لە پزیشکەکانی دی جێگەی گوومانە. لەم بارەوە تا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی نەکراوە. لایەنگرانی باوەڕی لۆبۆیەر ئەم تەکنیکە زۆر بە ئەرێنی دەزانن لەسەر منداڵبوون نەك بۆ دایكو هەروەها بۆ کۆرپەلە. ئەوانەی کە دژ بەم تەکنیکەن پێیانوایە کە منداڵبوون لە شوێنی نیوە تاریك باش نییە، چونکە مرۆڤ ناتوانێت بەباشی حاڵەتی دایكو کۆرپەلە هەڵسەنگێنێتو شۆردنی کۆرپەلە بە ئاوی گەرم ئەگەری ئەوەی هەیە کە ڕێفلێکسی هەناسە بوەستێنێت. Robert Bradley لە میتۆدی برادلی دا تیشك خراوەتە پێویستیبوونی ئازارشکێنەکان. لەم تەکنیکەدا ئاماژە لەسەرخۆ ئارامکردنەوەیە بە ڕێگەی هەناسەکێشان بە زگ. مرۆڤ دەبێ ئافرەتەکە فێربکات چۆن هەناسە بکێشێتو کام ماسوولکانە تاکو وێڕای خۆڕاکیشانو خۆ گوشینی منداڵدان بەکاری بهێنێت. هەروەها بۆ کەمکردنەوەی ئازار، کارێکی وابکرێت کە بیر لە بەسەرهاتی خۆش بکرێتەوە. ئەو تیئۆریەی برادلی کراوە بە کۆرس(دەورە)و، ژنان لەماوەی شەش مانگی دووگیانیدا ڕاهێنانی لەسەر دەکەن. لێرەدا هەوڵ دەدرێت کە دایك خۆی بە چالاکی هەنگاو بنێت بۆ منداڵبوون بێ پێویستی بە بەکارهێنانی دەرمان.
سەرجەم ئەو میتۆدانە (ڕێگا)یانەی منداڵبوون بە تایبەتی لە ئەمریکادا جێگەی هەڵسەنگاندنن. میتۆدی لامازو برادلی زۆر کاری پێدەکرێتو فێریان دەکەن. بابەتەکە ئێستاش هەر لە گفتوگۆدایە (بیری جۆراوجۆر هەیە)،و هەندێك پێیانوایە کە خاڵە باشەکان/ کاریگەرییە ئەرێنیەکان میتۆدەکانی بەتەواو دەروونی (Psychological) کە باشتر وایە کاریان پێبکرێت. لە ئەزموونی کاردا دەرکەوتووە کە ئەو ژنانەی کە بەرێگەی یەکێك لەم میتۆدانە یارمەتی دەدرێن بۆ منداڵبوون، ماوەی کەمتر ژانیان هەیە، کەمتر دەرمانی سڕکەریان پێویستەو تێڕوانینێکی ئەرێنی یان خوودی پۆزەتیڤیان هەیەو هەروەها لە کۆرپەلەکانیشدا دیارکەوتوون کە ڕەنگدانەوەی باشیان هەبووە.

**منداڵبوونی بێ ئازار**

پرۆسەی منداڵبوون یەکەمجار زیاتر کات دەخایەنێتو ترسو نائارامی دەروونی کاریگەری دەبێت لەسەر هەبوونی ئازار. لەهۆکاری ئەوەدا نەتەنیا هێزی شاراوەی دایك بەڵکو هی کۆرپەلەش بەکاردێت. ئەگەر هاتوو هەردوویان ماندوو بوون ئەوە پرۆسەکە دژوارتر دەبێت. ئینجا لەم حاڵەتەدا ئافرەتەکە داوای دەرمانی سڕکەردەکات. ئەم دەرمانە سڕکەرەی کە لە مامانیدا زۆر باوە بەڕێگەی Epidurale analgesie (مادەی سڕکەر بە دەرزی لە ڕێگەی پشتەوە، بەشی خوارێی لێدان). بە لێدانی ئەم دەرمانە تەنیا زگ تا ئەژنۆ سڕ دەکرێت. لەپاڵ ئەوەشدا ئافرەتەکە شلو خەواڵوو نابێت، بۆ ئەوەی دایك بتوانێت منداڵبوونەکە ببینێتو بزانێت چی روو دەدات. میتۆدی منداڵبوونی بێ ئازار بۆ هەموو ئافرەتێك نابێت. لەهەندێك نەخۆشیو کیشەی پشت، نەخۆشی پەستانی خوێن، تا، یان هەستەوەری بە مادەکانی سڕکەر، نابێت ئەم تەکنیکە بەکار بێت. ئینجا هەر ئافرتێك کە بیەوێت بەم میتۆدە منداڵی ببێت، پێشکات لەلایەن پزیشکی بێهۆشکەر/ Anesthsist پشکنینی بۆ بکرێت.

نا ئارامی دەروونی stress هۆکارە بۆ منداڵبوونی پێشکات

لە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی دانیمارکیدا کە لە نێوان ٥,٤٥٩ ژن لە سێهەم هەفتەی دووگیانیدا دیارکەوت کە ناهەمواریەکانی دەروونی یان stressgm لەکۆتایی ماوەی دووگیانیدا کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر " منداڵبوون زووتر لەکاتی خۆی"١٩٧ ئافرەت کە پرسیاریان لێکرابوو، زووتر لەکاتی خۆیان منداڵەکەیان بوو بوو. تەمەنیان لە ٢٠ساڵ کەمتر بوو، بێکار بوونو ئیدی نەشیان دەخوێند. ئەو میکانیزمانەی نائارامی دەروونی کاریگەری لەسەر لەدایکبوون هەیە دیاری نەکراوە. هەروەها لێکۆڵینەوە زانستیەکەی یابانی japon پێیوایە کە ئەم چەشنە پەیوەندیە لەنێوان هەستەکانی نیگەتیف کە پەیوەستە بە دووگیانیو کێشەی کەمکێشی (وەزنی کۆرپەلە کەم بێت) لەکاتی لە دایکبووندا هەیە.

**سێکس لەدوای منداڵبوون**

دوای منداڵبوون منداڵدان تا چەندین هەفتە ڕژانی خوێن هەیە. ئەگەر هاتبێتو منداڵبوونەکە بە تەکنیکی episiotomy واتە بە (مقەست بڕابێت) لەم ماوەیەدا زۆر هەستەوەرو بە ئازارە. ئینجا باشتر وایە کردەی سێکس ئەنجام نەدرێت تاکو ڕژانی خوێن رادەوەستێت، چاك دەبێتەوەو هەروەها گرنگ ئەوەشە کە ئافرەت خۆشی مەیلی بۆ سێکس هەبێت. لەهەندێك جووتدا (ژنو پیاو) ماوەی سێ تا چوار هەفتەو جاری واشە زیاتر لە مانگێك دەخایەنێت. لە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی زانکۆی utah(ئەمریکی)دا کە لە نێوان ٤٢ جووتیان پرسیبوو دەرکەوت کە ماوەی دەستپیکردنەوە بە سێکس دوای منداڵبوون کەم یان زیاد ٤ هەفتەیە.

**جیاوازی لەگەڵ ئاژەڵدا**

چونکە سەری مرۆڤ زۆر گەورەیەو هەروەها لەبەر چۆنیەتیو شکڵی حەوزی ئافرەت ( مرۆڤ ناچارە لەسەر دوو پێ بڕوات)، ئینجا بۆیە لە دایکبوونی مرۆڤ دژوارترە تاکو لەدایك بوونی ئاژەڵ.

Goli-٦٧@hotmail.com

سەرچاوە

ك/ Verplegen van Zwangeren,Barenden,kraamvrouwen en pasgeborenen dkw ٤١٠
http://nl.wikipedia.org/wiki/Bevalling
http://nhg.artsennet.nl/uri/?uri=AMGATE_٦٠٥٩_١٠٤_TICH_R١٨٧٨٠٦٦٣١٤٢٢٦٩٨



# دۆخێكی شپرزە..!

**غەفور نادر حەمەدەمین**

**"دنیا دەگۆڕێ بەڵام وەك رابردوو دەمێنێتەوە"**

**(ئۆریانا ڤالاچی)**

لەم چەند ساڵەدا، گرفت لەدوای گرفت، نائارامی سیاسیو قەیرانی سنوور، شەڕی شیعەو سوننە، ژنكوژیو گرانی كرێی خانوو، نەمانای خۆشەویستیو نێوان مرۆڤەكانو بەها جوانەكان.. پرسی گەنجانو بەریەككەوتنی نەوەكان...تاد، هەموو ئەوانە حیكایەتی شپرزەییو نائارامی ئەم دۆخە دەگێڕنەوە كە لەم جوگرافیایەدا هەیە بەناوی كوردستانو (عێراق). كاتێ فلاشباكێك دەكەینو لە رابردووەو سەیری ئێستای خۆمان دەكەین، فەرقێك نابینین، بۆیە كۆمەڵ حەقی ئەوەی هەیە لە شپرزەییدا بژی.. نە متمانە بە هاوپەیمانەكان ماوەو نە ئایندەشمان رووناك دیارە،.. ئەوانەی كە دەیڵێم لە خۆڕانییەو هەموو بەشێوەی جۆراوجۆر دەیڵێین، تەنها جیاوازیەك كە لەنێوان گوتنەكاندا هەبێت، هەندێك بە دیبلۆماسی دەیڵێن هەندێكی تریش بە عەفەویو نا دیبلۆماسیانە، منیش دەزانم دونیا گۆڕاوە، بەڵام وەكو ئۆریانا ڤالاچی دەڵێ" دونیا دەگۆڕێ بەڵام وەكو رابردوو دەمێنێتەوە". بۆمن زۆر زەحمەتە هەموو ئەو شتانەی دەمەوێت بیانڵێم بەنووسین بتوانم تەعبیریان لێبكەم.. بەڵام دەتوانم بڵێم تا ئەندازەیەكی زۆر ئەو شیعرە جوانەی(زێوەر) لە مەبەستی من نزیكەو وەكو شەڕاب تا بەرەو كۆنی بڕوا تامی خۆشتر دەبێ.. تەمەنی ئەو شیعرە چەندە كۆنە، بەڵام دەڵێی بۆ ئەم دۆخە نووسراوە...

**لەم وەختە كە پڕ فیتنەو رێ بەستنە ئێستا**
**خۆشی كە ببێ مردنە، یا نووستنە ئێستا**
**دوو یاری وەفادارو بەبێ غەش نی یە هەرگیز**
**هەرچی كە تەماشای ئەكەم دوشمنە ئێستا**
**ئاشووبو بەڵاو فیتنە وەكو تەرزە ئەبارێ**
**هەر جەردەیی و هەردزیو كوشتنە ئێستا**
**فەر قێكی لەگەڵ شیعە نەما مەزهەبی سوونی**
**هەر گرتن و لێ بردن و تێ خستنە ئێستا**
**لەم شارە كەوا مەنبەعی ئاشووب و فەسادە**
**دەرمانی شیفای خەستە دڵان رۆشتنە ئێستا.**